
# هونەر




## گۆرانبێژی وا دەهێننە سەر تەلەفزیۆن و پێیدەڵێن هونەرمەند، راست و چەپی دەستی خۆی نازانێت

سازکردنی: موحسین یاسین



## رێبوار سەعید لەبەر رۆشنایی هەڵسەنگاندن و شرۆڤەدا

گۆران هەڵەبجەیی



## ژیانی هونەریی قادر کابان

کاروان کابان

## ئەبستراکت و هونەری نوێ

تەها ئەحمەد رەسوڵ

## ئێکسپرسیونیزم

لەفارسییەوە: دڵشاد خۆشناو

## ناسری رەزازی:

# گۆرانبێژی وا دەهێننە سەر تەلەفزیۆن و پێیدەڵێن هونەرمەند، راست و چەپی دەستی خۆی نازانێت



سازکردنی: موحسین یاسین





**گۆرانیبێژ ناسری رەزازی لەساڵی ١٩٥٥ لەشاری سنە لەدایکبووە، سەردەمی منداڵی پڕبووە لەئێش و ئازار، بەهۆی ئەوەی کە باوکی بەرگدروو بووە، لەدوای خوێندن لەقوتابخانە گەڕاوەتەوە بۆ دوکان، هەر بەهۆی ئەوەی لەو سەدەمەدا رادیۆ تەنیا لەماڵە گەورەکان و چایخانەکاندا هەبووە، رۆژانە روویکردووەتە ئەو شوێنانە بۆ ئەوەی بەهۆی گرامافۆن و رادیۆی پیلەوە گوێ لەگۆرانی گۆرانیبێژە کوردەکان بگرێت، لەتەمەنی (١٣)ساڵیدا لەپرۆگرامێکی رادیۆدا یەکەم گۆرانی بەناوی (دەسماڵێ و دەسماڵێ) وتووە، دبلۆمی لەئەدەبدا وەرگتووەو بووە بەمامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی، بەڵام لەبەر راپەڕینی گەلانی ئێران و شۆڕشی کوردستان نەیتوانیوە درێژە بەمامۆستایەتییەکەی بدات و کەوتووەتە زیندان و دوای ئازادبوونیشی چووەتە شاخ و بووە بە پێشمەرگە. لەم دیمانەیەدا، هونەرمەندا بەم شێوەیە دوا.**

***کەی یەکەم سرودت تۆمارکردووە؟**

-لەساڵی ١٩٧٦ گۆرانی سیاسیم وتووە، لەساڵی ١٩٧٨دا یەکەم سرودی سیاسیم تۆمارکردووە، پێشئەوەی کە شا بڕوخێت لەساڵی ١٩٧٨ لەبەرئەوەی من لەگەڵ رێکخراوی یەکێتیی نیشتمانی بەنهێنی بووم بەدۆست و لەڕێگەی ئەوانەوە هاتمە کوردستانی باشوورو لەشاری سلێمانی لەگەڵ تیپی منداڵانی بێخود بەسەرپەرشتی نامدار قەرەداغی و مامۆستا عارف ئەو کاسێتی سرودەم تۆمارکرد کە زۆر بەناوبانگە.

***کورد هەمیشە شانازی بەڕابردووی نەوەکانی خۆیەوە دەکات لەبواری هونەری گۆرانی و موزیکی کوردیدا، چەندین هونەرمەندی وەکو سەعد عەلی ئەسغەری کوردستانی و سێوەو حەسەن زیرەك و عەلی مەردان و تایەر تۆفیق و هتد بوونەتە رەمزێك، کەچی بە پێچەوانەوە ئەمرۆ ئیمکانیاتێکی باشترو زۆرتریش هەیە لەو سەردەمە، بەڵام نەتوانراوە جارێکی تر چەند رەمزێکی تری نموونەی ئەوانە دروستببن؟**

-بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمەکە، کەسەردەمی سەرمایەدارییەو بەهای لەهیچ شتێکدا نەهێشتووەو بەشێکی تری دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خێرایی تەکنۆلۆژییەی کە ئەوەندە گەشەی کردووە کە کۆمەڵگەی ئینسانی بەرەوپێش بەرێت، کۆمەڵگەی ئینسانی تووشی کێشەکردووە، ئەو سەردەمەی کە من بووم بەگۆرانیبێژ دەورووبەرم پڕبوو لەکەڵە گۆرانیبێژ.. ئەمرۆ ئەگەر بمانەوێت گۆرانیبێژێکی ئاوها بێتەڕوو و گۆرانیبێژێك کە

ببێتە کاریزماو خۆشەویستییەکەی لەناو خەڵکدا جێگا بگرێت و بگاتە ئاستی تەقەدوس، چونکە ئەوانە وان، بۆ نموونە خەڵك هەیە حەسەن زیرەك و تایەر تۆفیق وەکو بت دەپەرستێت، یاخود گۆرانیبێژێکی دیکە، بەڵام هەندێك کێشە ئەمڕۆ لەبەردەستماندایە زەحمەتە گۆرانیبێژێکی دیکەی وەکو ئەوان بێتەوەڕوو دەورانەکە ئەو دەورانە نییە، هەستی نەتەوایەتی نییە کێشەی هونەری زۆرە، کۆمەڵگە کێشەی زۆرە.

**ئەمڕۆ بۆتە باو، کەسێك سیدییەکی تازەی دەرکرد لەپەنا ناسری ڕەزازی و حەمەجەزادا دایدەنێن و پێیدەڵێن هونەرمەندی گەورە یان گۆرانی بێژی بەناوبانگ**

***هەندێك لەگۆرانیبێژە گەنجەکان پێیانوایە گۆرانییە کۆنەکان بۆیە تاکو ئێستا بەزیندویی ماونەتەوە، ئەواکاتە ژمارەی گۆرانیبێژەکان زۆر کەمبوون ؟**

-ڕاستدەکەن، زۆری و بۆرییە، ئەوانەی جاران کەمبوون، کاتی خۆی کە ئێمە دەچووینە رادیۆ گۆرانی بڵێین، خۆ ئاسان نەبوو، وەکو ئێستا نەبوو، لیژنە و فیلتەر نەبێت و هەرکەسێك هەستێت و ببێت بەگۆرانیبێژ، ئەوکاتە لیژنەی دەنگ و هۆنراوەو ئاواز هەبوو، لەسەرووی هەمووشییانەوە لیژنەی هەڵبژاردنی گۆرانی هەبوو، بەڵام ئەمڕۆ ئەوانە هیچی نییە، پاشان ئەوکاتە ئەو گۆرانیبێژانە شارەزای ئەدەبیات و فۆلکلۆربوون، لەرابردووی گۆرانیبێژەکانی دیکە شارەزابوون.

***فەرهەنگ و کلتووری وڵاتانی دراوسێ کاریگەرییەکی زۆری کردووتەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی کوردستان و بەتایبەتی**



**گۆرانی و مۆزیکی کوردی، ئایا بەرای تۆ چی بکرێت بۆ ڕێگرتن لەو کارە، لەگەڵ ئەوەشدا چی بکرێت تاکو هونەری گۆرانی و مۆزیکی کوردی شانبەشانی ئەوان بەرەو پێشبچێت؟**

-وەختێك کە دوو نەتەوە پێکەوە بژین کاریگەریی دەکەنە سەر یەکترو کار لەیەکتر وەردەگرن، بۆ نموونە ئەمڕۆ لەکەرکوك تۆ ئەگەر بچیتە کەرکوك تورکمان هەیە کوردی دەزانێت و کوردیش هەیە زمانی تورکمانی دەزانێت، تۆ تەماشای گۆرانییە تورکمانییەکان بکە لەبەرئەوەی کە کورد لەکەرکوك زۆرترەو کەرکوك شارێکی کوردستانییە گۆرانی تورکمانی تەنیا هۆنراوەکانیان تورکمانین، ئەگەرنا زۆربەی زۆری فۆنەتیك و بێژەو هەواڵکێش هەمووی کوردییە، بەڵام ئەو جیاوازە ئەمڕۆ لەباکووری کوردستان کۆمەڵێك گۆرانیبێژی کوردی، کوردی نەزانی تورکی فێرکراومان هەیە کە بەتورکی گۆرانی دەڵێن، ئەوە شتێکی ترە، ئەوە بۆ ئەوەیە کە هونەرو کلتووری کوردی بشێوێنن، ئێستاش گۆرانیبێژەکانمان دەترسن گۆانییەکی کوردی بڵێن لەوێ ئەوە شتێکی دیکەیە، ئەوە لەناوبردنی فەرهەنگی نەتەوەیەکە، بەڵام ئێمە ئەمڕۆ دەبێت لیژنە دروستبکەین و ئاکادیمیایەکی هونەری هەبێت بۆ ئەوەی کە پاشا گەردانییە کە ئەمڕۆ گۆرانی کوردیدا هەیە نەمێنێت.

***ئەو پاشاگەردانییەی کە ئەمڕۆ هەیە لەهونەری کوردییدا پێتوایە زیاتر تاوانی کەناڵەکانی TV بێت بەهۆی نەبوونی لیژنەوە، گۆرانی باش و خراپ بڵاودەکەنەوە؟**

-بەڵێ ئەمڕۆ زیاتر کەناڵەکان پێشینەیەکی باشیان نییە لەرووی بڵاوکردنەوەی کاری هونەرییەوەو لیژنەیەکیان بۆ ئەو مەبەستە نییە، گۆرانیبێژی وا دەهێننە سەر تەلەفزیۆن و پێی دەڵێن هونەرمەند کە هێشتا دەستی چەپ و ڕاستی خۆی ناناسێت، بەداخەوە.. جاران وانەبوو، ئەو سەردەمەی ئێمە هیچ کاتێك نەمبینی یاخود نەمبیست بەتایەر تۆفیق یان حەسەن زیرەك یان بەمامڵێ بڵێن هونەرمەندی گەورە، گۆرانی بێژی گەورە، ئەمڕۆ ئەمە بووەتە باو، کەسێك سیدیەکی تازەی دەرکرد لەپەنا ناسری ڕەزازی یاخود پەنا کاك حەمە جەزادا دایدەنێن و پێیدەڵێن هونەرمەندی گەورە یان گۆرانی بێژی بەناوبانگ، لەکاتێکدا کە وانییە.

***ئایا گۆرانی و مۆزیکی کوردی پێویستی بەگۆرانە؟**

-سەد لەسەد، من پێشتریش باسمکردووەو من لەگەڵ لەجێگامانەوە دانیم من تەنیا

لەگەڵ رەسەنایەتیدانیم، شتێکی خۆزگەیە کە دەبێت هونەری کوردیش پێشبکەوێت، وەکو چۆن ئینسان ئەو ئینسانەی دوێنێ نییەو گۆڕانی بەسەردادێت، هونەریش ئەو ئینسانە پێشکەشی دەکات و خۆ هونەر لەئاسمانەوە نەهاتووە، بەڵام گۆڕان هەروا ناکرێت، گۆڕان دەبێت دەرەتانی بۆ دروست بکەیت و ئیمکانیاتی هەبێت گۆڕان دەبێت تێچوونی هەبێت و مەسرەفی بۆ بکرێت بەداخەوە ئەوانە هیچی لەگۆڕدانین.


***دوا پرۆژەی هونەریت چییە؟**

-ئەلبومێکی گۆرانییە بەناوی (ئێوارەیە)و چواردە گۆرانی لەخۆگرتوەو لەلایەن ژمارەیەك مۆزیسیانەوە کاری مۆزیکی بۆ کراوەو ژمارەیەك تێکستی جوانی لەخۆگرتووەو لەئاییندەیەکی نزیکدا کۆمپانیای چوارچرا بڵاویدەکاتەوە.





# رێبوار سەعید لەبەر رۆشنایی هەڵسەنگاندن و شرۆڤەدا



گۆران هەڵەبجەیی

هونەرمەندی شێوەکار رێبوار سەعید ناوێکە، کە بەردەوام خۆی نوێ دەکاتەوە. یەکێکە لەو هونەرمەندانەی لەرێگەی میتۆدو ستایلەوە خۆی لەهاوپیشەکانی جیا دەکاتەوەو هەوڵدەدات تایبەتمەندێتیی خۆی بپارێزێت. بەردەوام لەرووبەری میدیای کوردییدا هەواڵی پێشەنگاکانی دەخوێنینەوە، کە ئەمەش پێمان دەڵێت



یەکێك لەکارەکانی هونەرمەند رێبوار سەعید

ئەو هونەرمەندە لەپاڵ گرینگیدان بەچۆنایەتی، بەرهەمهێنەرێکی باشیشە. بەوتەی رەخنەگران هەر پێشەنگایەکی نیگایەکی نوێیە لەپانتایی هونەری شێوەکاریدا. لەهەر دەرکەوتنێکی نوێدا بەوزەو فۆرم و توخمی نوێوە خۆی نمایشدەکات.

ڕێبوار سەعید وەك بالیۆزێکی شێوەکاری کورد لەگەراندایە بەجیهاندا بۆ ناساندنی هونەری کوردی و لەو ڕێگەیەشەوە تراژیدیای نەتەوەکەی دەخاتە ناو هێڵ و رەنگەوە. لەوێوە هەموو ئەو رەهەندانەمان پیشاندەدات، کە بوارەکانی دیکەی وەکو شیعرو رۆمان و موزیك نەیانتوانیوە دەریخەن. هەر ئەمەشە وا دەکات تابلۆکانی ئەو هونەرمەندە کۆمەڵێك ئاراستە بەرەو دەرەوە پێکبهێنن و کۆمەڵێکی دیکە لەدەرەوە بۆ خۆیان پەیدا بکەن. سەیر نییە کاتێك دەبینین هونەری ئەو هونەرمەندە، نەك هەر لای رەخنەگرانی شێوەکاریی، بەڵکو لای نووسەرانی دیکەش بووەتە جێگای بایەخ. خوێندنەوەکەی کاروان عومەر کاکەسوور بۆ تابلۆکانی نموونەیەکی بەرچاوە، کە دوایی دەگەڕێینەوە لای.

تا ئێستا ڕێبوار دوو جار لەکۆبنهاگن پێشەنگای کردووەتەوە. جاری یەکەم ساڵی ٢٠٠١ و جاری دووەمیش بەهاری ٢٠٠٩ بوو، کە سەنتەری کەلتووری جیهانی بۆی کردەوە. بەداخەوە رۆژی کردنەوەی پێشەنگاکە نەمتوانی ئامادەبم، بەڵام خۆشبەختانە بۆ رۆژی دوایی لای رۆماننووس و چیرۆکنووس کاروان کاکەسووری هاوڕێم بەرێبوار گەیشتم. هەر لەوێ دەرهێنەرو هونەرمەندی شانۆیی بەتوانا میدیای رەئوف بێگەردو ئەنیتای شێوەکاری دانمارکی و دۆستی کورد لەوێ بوون. پاشان کەوتینە گفتوگۆ سەبارەت بەهونەرو بوارەکانی دیکە، کە بەبێ بەرنامە دەهاتنە پێش. پاشان چووین بۆ پێشەنگاکەی. لەوێ گەرانێکم بەنێو تابلۆکاندا کرد، ئەوجا دووبەدوو واتە رێبوارو من کەمێك گفتوگۆمان سەبارەت بەکارەکانی بەگشتیی و برێك لەتابلۆکان بەتایبەتی کرد، کە لەمەوەپتر سەرنجی منیان راکێشا.

بۆ بەستنی پەیوەندیی داوای ژمارەی تەلەفۆن و ئیمەیلم لێ کرد، ئەویش کارتێکی لەگیرفانی دەرهێناو پێیدام، کە وێرای ئیمەیل و ژمارەی تەلەفۆن، ئەدرەسی ماڵپەرەکەیشی تێیدا بوو. شەو کاتێك هاتمە ماڵەوە، چوومە نێو ماڵپەرەکەیەوە.ئەوەی سەرنجی راکێشام ئەو کۆمەڵە بابەتە بوون، کە بەکوردی و عەرەبی و ئینگلیزیی سەبارەت بەکارەکانی نووسرا بوون، لەتەك هەندێك چاوپێکەوتنندا.

دەمێك یەکەم نووسینم خوێندەوە، هێندە بابەتییانەو ئەکادیمییانە نووسرا بوو، هێندە بەقووڵی چووبووە ناو وردەکارییەکانەوە، پاڵی پێوە نام، کە بریار بدەم سەرجەم بابەتەکان بخوێنمەوە. هەر رۆژێك هەلم بۆ برەخسایەو کات یارمەتی بدامایە، یەکێك لەو بابەتانەم دەخوێندەوە، تا بەر لەچەند رۆژێك لەخوێندنەوەی هەموو بابەتەکان بوومەوە. لەگەڵ خوێندنەوەی هەر بابەتێکدا کۆمەڵێك سەرنجم لا درووست دەبوون، یا راستتر بێژم کۆمەڵێك بۆچوون و تێڕوانینم بەرچاو دەکەوتن، کە پێویست بوو هەڵوەستەیان لەسەر





بکەم و هێڵ بەژێریاندا بهێنم.

دەمێك لە خوێندنەوەیان بوومەوە، کۆمەڵێك دەستەواژەو برگەو رستەی پر بایەخم لا درووستبوو، کە بەگشتی گوزارشت لە کارەکانی رێبوار سەعید دەکەن لەگۆشەنیگای جیاوازەوە، کە دەشێت بکرێنە دیدگا، یا پێناسەیەك بۆ خوێندنەوی هونەری شێوەکاری بەگشتیی و کارەکانی ڕێبوار بەتایبەتی.

وەك پێشتر ئاماژەم پێدا ئەو نووسینانە هەر یەکەیان چەمکێکی کردبووە بابەتی خوێندنەوەو تێرامان، بۆ نموونە یەکێك یا چەند کەسێکیان لەبارەی رەنگەوە، یەکێك بزووتنەوەی فیگوورەکان، یەکێکی دی باگراوندی تابلۆکان، یەکێکیش جەستەو لایەنی دیکەی کردبووە بابەتی لێکۆڵینەوەکەی. چەند دانەیەك هێندە بەقووڵی و ئەکادیمی نووسرا بوون، کە برێکیان تێگەیشتنی زەحمەت بوو بۆ کەسانی دوور لەبواری شێوەکار، چ وەك هونەرمەند چ وەك رەخنەگر، بەتایبەتیش بۆکەسێکی وەك من.

چەند نموونەیەك لەو تێکستانە:

دکتۆرە زەینەب بەحرانی رەخنەگری شێوەکارو مامۆستا لەزانکۆی نیویۆرك سەبارەت بەپرۆژەی پەیڤ و رەنگ دەڵێت:

ڕێبوار هونەرمەندێکی کوردەو لە هەندەران دەژی، سەبارەت بەژینگەی کوردی دەدوێت، کە تژییە لەکێشەی پەراوێزکردن لەدەرەوە، لەنێو جیهانی جوانییدا.

لەشوێنێکی تردا دەڵیت: سەبارەت بە رێبوار کە مەتریالی زیندوو و گووزارشتی خۆماڵی و رەنگی دانسقە بەکاردەهێنێت، ئەمانە هەمووی سیرامیك و چنینی دەستیی کوردیمان دێنێتەوە یاد. هونەری کوردیی هاوچەرخ بەشێکە لەهونەری رۆژهەڵاتی نێوین، کە پێوەندییەکی توندوتۆڵی لەتەك دیرۆك و ژینگەدا هەیە.

لەتەك ئەوەی ڕێبوار کەرەستەو تەکنیکی رۆژهەڵات و ئەورووپی بەکاردەهێنێت، بەڵام ئەمە نەبووەتە چاولێکەرییەکی دوای نوێخوازیی، بۆیە تابلۆکانی ئاوێنەی هونەری نەتەوەیین.

سەبارەت بەو لایەنەی کە لەکارەکانی رێبواردا بەدیدەکرێن و بەوەرگرتنێکی زیرەکانەی دادەنێت لەهونەری ئەورووپییداو دەڵێت: لەو دەمەی سنوورەکان دەکەونە ژێر پرسیارەوە، دەبینین چوارچێوەی شووناسنامەو پێداگرتن لەسەر لایەنی گۆرینی بێکۆتایی، خەسڵەتێکی هاوبەشە لەبەرهەمی زۆرێك لەو هونەرمەندو رۆشنبیرانەی لەخۆرئاوا دەژین.

با بزانین پرۆفیسۆر مارتن بیتس سەرۆکی زانکۆی میدڵ سیکس لە لەندەن سەبارەت بەرێبوار سەعید چی دەڵێت:

دەمێك بەرێبوار دەگەیت، وا هەستدەکەیت بەئاشتی و خۆشنوودی و زەردەخەنەو سادەیی دەگەیت. لەگەڵ ئەوەی ژیانی پری بوو لەناخۆشیی و چەرمەسەریی گەورە، لێ ژیانی ڕێبوار ئاوێتەیەکە لەخۆشەویستی و جوانیی، ئەم رووداوە تاڵانەی بەسەر

میللەتەکەی ڕێبواردا هاتوون گەورەترین تراژیدیان، کە لەماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا بینیومانن.

تابلۆکانی ڕێبوارو کارەگرافیکییەکانی دیرۆکی پەیوەندیی نێوان دژەکانمان بۆ دەگێڕنەوە، نێوان شادومانی و مەینەت، ژیان و فەنابوون، خۆشەویستی و ڕق. لەتەك ئەم دژانەشدا لەتەك ئەم ڕقەدا لەکارەکانی ڕێبواردا، لێ ئێمە تیایاندا هەست بەخەسڵەتی ڕکەبەرایەتی و کینەبەرایەتی ناکەین، بەڵکو لەبری سووکایەتی، هەست بەخۆشیی و ناخۆشیی دەکەیت. لەگەڵ ئەو نەهامەتییەی بەسەر میللەتەکەی ڕێبواردا هاتووە، بەهۆیەوە ناسۆری بووەتە بەشێك لەکەلتووری نەتەوەی کورد، بەڵام هێزی ڕەنگ لەکارەکانی ڕێبواردا وا دەکات، کە مرۆڤەکان بپارێزێت و بەزیندوویی لەیادەوەریی ئەوانەی ڕێچکەی ڕەنگ هەڵدەگرن بیانهێڵێتەوە، کە ئەمەش ئاهەنگی ژیانەو هەموو ڕەنگێك بەشداریی لەدرووستکردنی ژیاندا دەکات.

### سەوسەن فەلاح

دەمێك لەزهنماندا، ڕەنگی ڕەش و ڕەنگەکراوەکانی دیکە یەکانگیر دەبن. ئەوە گوزارشت لەجۆگرافیای هونەرمەند ڕێبوار سەعیدو ڕێڕەوە هونەرییە جۆراو جۆرەکەی دەکات.

لەکارەکانی ڕێبواردا شێوازێك هەیە، کە ئاوێنەی هزریەتی لەناو ڕووبەری جوگرافیادا، تا لەکۆتاییدا شارستانییەکی نوێ، کە دەتوانین لەڕێگەیەوە ڕێڕەوێکی نوێ لەئەزموونە هونەرییەکاندا بدۆزینەوە، ئەمەش دەلالەت لەبوونی هونەرمەندو ڕەوتەتایبەتییەکانی دەکات.







### فەیسەڵ لوعەیبی هونەرمەندی مەزنی عێراقی سەبارەت بەڕێبوار دەڵێت:

زۆرنین ئەو هونەرمەندانەی، کەسومبول و ئاماژەی ژینگەکەیان لەخزمەتی کارەهونەرەکانیاندا بەکاردەهێنن. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر کەم ئەو هەوڵانە سەرکەوتوو دەبن لەگوزارشتکردن لە کەسایەتی نەتەوەکەیان لەڕووی کەلتووریی و شارستانییەوە. ئەم پرۆسەیە تا ئێستاش لەدەوری درووستبوون و خەملاندندایە وەك بزافێکی گشتیی بەرامبەر ڕەوتە هونەرییەکەی ڕۆژئاوا.

ڕێبوار سانایی، جوانیی و قووڵیمان بۆ دەردەخات ئەو پێشنیازەمان بۆ دەکات بەناو بازاڕەکانی کوردستاندا بگەڕێین، کە پڕن لەشمەکی خۆرهەلاتی سەرسوورهێنەر.

ڕێبوار هونەرمەندێکی میللییەو بەخاکەکەیەوە بەندە، مووزیکی کوردی، سەما، چاوی کیژەجوانەکان، بەرائەتی منداڵ، بۆنی بەهارات، بازاڕی سەوزەو میوەو فرۆشیارەکانی گوڵ و باڵندەی پێشکەشکردین، هەڵەبجەی بۆ پێکهێنایەنەوەو قووربانییەکانیشی بۆ زیندووکردینەوە.

### نەعیمە محەمەد ماستەر لەبواری سیرامیکدا:

نەعیمە سەبارەت بەجیاوازیی کارەسیرامیکەکانی ڕێبوار لەتەك هاوپیشەکانیدا لەهەمان بواردا دەڵێت: ڕێبوار جۆریك لەتەکنەلۆجیای جیاواز بەکاردەهێنێت، وەك شووشەکردنی کارەکان، دوور لەڕێگە تەقلیدییەکان، کە هونەرمەندانی سیرامیك یا گڵجۆش بەفراوانی بەکاریدەهێنن، ئەمەش دەمانگەیەنێت بەو ئەنجامەی درووستبوونی سیستمێکی هونەریی تازە (لەنێوان کۆن و نوێدا) بەهۆی تێکەڵاویی هەندێك لەو ئایکۆنە دیارانەی، کە بەشێوەیەکی دەرکەوتوو لەمێژووی هونەری کۆندا دەبینرێن.

### وەهبی ڕەسوڵ هونەرمەندی شێوەکار، لەشیکردنەوەی تابلۆی چاوەڕوانییدا:

لەبڕگەیەکدا دەڵێت: ڕێبوار وەك هونەرمەندێکی تەعبیریی هەمان پرۆسێسی لەنزیك خۆیەوە بەخودی خۆی ئەنجامداوە. سوود وەرگرتن لەئەزموونی هاوشانی لەخۆرئاوا نەبووەتە مایەی دووبارەکردنەوەو لاسایی، بەڵکو تەنیا چۆنێتی مامەڵەکردنی هاوکێشە هونەرییەکەی وەرگرتووە (گەر وەریگرتبێت)، لەنزیك خۆیەوە بۆ سەرچاوەو بەرەنجامەکان گەڕاوەو دواتریش جێبەجێی کردووە.

### دکتۆر محەمەد ئەلکینانی

لەبابەتێکدا بەناوی مۆدێرنەی ئەفسانەوە پەیوەست بەکارەکانی ڕێبوارەوە لەشوێنێکدا دەڵیت: ڕێبوار سەعید مۆدێرنەیەکی ئەفسانەیی بوونیات دەنێت، کە تێیدا هەردوو خوێنراوەو نیگارکێشراو لای یەکەوە دادەنێت و پەیوەستییەك لەنێوانیاندا دەبەستێت.

هەروەها دەڵێت، کاری ئەم هونەرمەندە لەپێشبینی دەچێت، کە تێیدا دەبێت

لێكنزیكییە هێماییەكان و مەودای پەیوەستییان بەواقیعەوە بدۆزینەوە، ئەو بەنوێكردنەوەی ئەو بەها فۆرمییانەی خاوەن ژێدارەكانی دەوروبەرو ئەفسانەیە، دەستنیشانكردنی بینینمان دەشێوێنێت.

*ڕێبوار ڕەنگدانەوەی كێشەكۆمەڵایەتی و سیاسییە هاوچەرخەكانە، لەمانە مافی یەكسان بۆ ژنان و كارەساتەكانی مێژووی كوردستانی عیراق وەك كیمیابارانی خەڵكی بێتاوانی سەرگەڵوو لە ١٩٨٧داو هەڵەبجە ١٩٨٨دا لەلایەن هێزەكانی عێراقەوە.

ئەمەی سەرەوە بەشێكە لەپێناسەی (دكتۆر جیم موونی) بۆ كارەكانی ڕێبوار. جیم موونی لیدەر لەبواری تیۆری و پراكتیكی هونەری شێوەكاری لە زانكۆی میدڵ سێیكسی لەندەن. دكتۆر جیم دەڵێت كارەكانی ڕێبوار بەروونی سەرنجڕاكێشن، لەتووڕەیی سیاسیی و مۆراڵی ئەوەوە هەڵدەقوڵێن سەبارەت بەو تاوانەی، كە بەرامبەر بەنیشتمانەكەی كراون. هاوكات دكتۆر جیم دەڵیت، ئێمە بەهەڵەدا دەچین ئەگەر ئەم كارانە تەنیا وەك نارەزایی دەربڕینێكی سادە تێبگەین. كارەكان هەم دەربڕی كێشەكانن و هەم تێیان دەپەڕێنن. زۆرجار كارەكان هێماكردنی ڕاستەوخۆی سیاسیی وەلا دەنێن و لەجیاتی ئەمە وێنەی خەمێكی مەزن دەنەخشێنن.

سەبارەت بە هێڵ و فیگورە قووڵ و چەماوەكان لەكارەكانی ڕێبواردا، دكتۆر جیم پێیوایە هێڵە قووڵەكان هێمان بۆ لەدەستدان و هێڵە چەماوەكانیش هێزێكیان تێدایە، كە لەترینۆدی، واتە (گۆرانی مەرگ) دەچێت و سەبووری و لاواندنەوەیە بۆ ئەو شتە لەدەستچووانەی، كە بەبۆنەی ئەو ڕووداوانەوە تیاچوون، كە هەندێك كەس بەهۆلۆكۆستی كوردی ناویدەبەن.

سەبارەت بەزنجیرەكارێكی سیرامیكیی ڕێبوار هەمان دكتۆر دەڵیت: ئەم زنجیرە كارە سیرامیكە بۆنی ئەلفو بێیەكی نهێنی، یا سیستمی خەتی بزماریی لێدێت، كە كۆدەكانی بەهیچ جۆریك ناكرێنەوە، ڕابردوویەكی دوورمان بیر دەهینێتەوە، كەچی بەپێچەوانەشەوە، زۆر بەكەللەرەقیەوە بەرهەمی ئەم سەردەمەن.

لەخوێندنەوەی ئەفسانەی ڕەنگەكاندا ئەحمەد ڕەزا بەوردیی شیاكاری لەرۆڵی ڕەنگ لەتابلۆكانی ڕێبواردا دەكات و دەڵیت: پەڵەی ڕەنگە هونەرییەكانی ڕێبوار تەنیا (دال)ێك یان ئاماژەیەك نییە بۆ هێمایەكی باو و تەقلیدی، بەڵكو چەند مەدلولێكی نوێگەریی هەیە، كەوا لەبینین دەكات جولاو بێت و پاڵنەری بیركردنەوە، گەرانە بەدوای ئەودیو چۆنێتی تێكەڵكردن و هارمۆنیەتی ڕەنگەكان.

بەكارهێنانی ڕەنگەكان بوونیان هەیە دەلالەت لەوەدەكەن، كە نغرۆی مێژوویەكی تاریكن و هونەرمەند ئەو حاڵەتە بەرجەستەدەكات، كە دووچاری هاتووەلەرووی ئەندێشەی ڕۆشنبیرییەوە، ئەویش بەپێكهێنانی ڕەنگەكان زۆر بەهەستەوە. ڕێبوار ڕەنگ بەكار ناهێنێت وەك سرووشتێكی تەقلیدی، بەڵكو لەئەكتیڤكردن و تازەگەرییەوە سەرچاوەدەگرێت.





## نەبەز بابان

مەسەلەی گەڵاڵەو خەملاندن لای هونەرمەند، كە خاوەنی ڕۆشنبیرییەكی هەستپێكراوە، دەگەڕێتەوە بۆ كرانەوەی بەرووی كەلتوورە خۆرئاوایی و ئەورووپیەكاندا، هاوكات بینین و نزیكیی لەئەزموونە ناوچەیی و جیهانییەكان، كە ئەم جۆرە شارەزاییەش جۆرێك لەمەعریفەی زهنی پێدەبەخشێت، بەدیاركەوتنی كاریگەری لەدەمی بەرهەمهێنان و لەرێگەی شرۆڤەو پێكهێنان و جیاكاریی لەپێكهاتەی نێو بەرهەمە هونەرییەكانیدا.

## سامی داود

بابەتێك بەنێوی بۆشایی ئاستە ڕەنگیەكان لەكارەكانی ڕێبوار سەعیددا

سامی داود لێرەدا شیاكارییەكی وردو پڕ سەلیقەی لەبارەی بەكارهێنانی ڕەنگەوە كردووە، بەجۆرێك مرۆڤ بەر لەخوێندنەوەی ئەم بابەتە وا هەستدەكات ڕێبوار بەپێی مەزاج و كاریگەریی ئەو چركەساتە ڕەنگ فڕێدەداتە سەر تابلۆكانی و چۆن بەخەیالیدا بێت بەو چەشنە مامەڵە لەتەك ڕەنگدا دەكات، لێ پاش دیتنی ئەم بابەتە دەردەكەوێت، كە مامەڵەی ڕێبوار لەتەك ڕەنگدا مامەڵەیەكی هونەریانەیە، وەك مامەڵەی ئاوازدانەر لەتەك تێكستی شیعردا، بەبۆچوونی داود ڕەنگ لای ڕێبوار لەهەر پانتاییەك لەرووبەری تابلۆكەداو پاشانیش لەسەرجەم پانتایی تابلۆكەدا مانای خۆی هەیەو حیسابی وردی بۆ كراوە، ئەوەتا لەبڕگەیەكدا دەڵێت: ڕەنگ لای ئەو بەردەوام یاسای بینینە، كە لەكۆتاییدا سیماكەمان بۆ وێنا دەكات.

سەبارەت بەكاریگەریی ڕەنگ لەشوێنێكی دیكەدا دەڵێت:

پەیوەستیی قووڵی ڕێبوار بەفۆرم و ڕەنگی سرووشتەوە جۆرێك لەكوورتكردنەوەو كۆكردنەوەی هێڵی سرووشتە، كە لەكۆتایدا لەكارەكانیدا بەرجەستەی دەكات.

شاعیری گەورەی كورد شێركۆ بێكەس سەبارەت بەناسنامەی هونەریی ڕێبوار زۆر بەجوانیی و بەهەستێكی بەرزو گوزارشتێكی شاعیرانەوە دەڵێت:

ئەم هونەرمەندە لەیەك كاتدا كەلتووری نەتەوەیەو هونەری شارستانیشە. لەهەمانكاتدا ئاسۆیەكی جیهانبین و كوردبین و مرۆڤایەتیشە. ئەم باڵا ئاوێنەیە هەر یەك باڵای هونەرو یەك سیمای ئەم ڕۆژگارەمان نیشاننادات، بەڵكو باڵاكان چوون بەناو یەكدا، وەك بەناویەكداچوونی درەختی دارستانە چڕوپڕەكان، وەك تێكەڵاوبووبوونی فرمێسك و خەندە، وەك دەست لەملكردنی قوربانیی و ئازادیی، وەك شوێنەواری بەسووتماك بوو، بەڵام گوڵ تیا ڕواو.

لە جێگەیەكی دیكەدا دەڵیت:

ئەم هونەرمەندە دەستی دووی هونەر نییە، كاڵای ئەورووپا بەئەورووپا نافرۆشێتەوە،

رەنگی چاوی هونەرێکی دیکەقەرز ناکات. هونەری رێبوار سەعید، بەگیان کوردەو بەجەستەش هەموو جیهانە، بەرەنگ کوردستانییەو بەتەکنیك دنیایە.

## رێبوار سیوەیلی

لەبابەتی هونەرو بانگهێشتدا دەڵێت:

ئەگەر لەقسەکردنماندا لەسەر هونەری شێوەکاریی کوردی، مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردن و بەردەوامییەکەیمان پستگوێخست، ئەوا تووشی ناکۆکی و بازدانێکی میتۆدیی نەبووین، بەڵکو رێك بەهەمان لۆژیکی گەشەسەندنی ئەم مەیدانە ئیشدەکەین. چونکە رەوتی گەشەکردنی هونەری شێوەکاریی کوردی لەسەرجەمی رەوتی ژیان لەکوردستاندا جیا ناکرێتەوە، کە رەوتێکە هەمیشە خۆی لەبەردەم هەلومەرج و بۆلووانی کورتخایەندا بینیوەتەوە تا کارایی و حەزی خۆی بۆ ژیان ئاشکرا بکات.

رێبوار سیوەیلی لەبابەتێکی دیکەیدا بەنێوی (نووسین و فیگەر)و لەبرگەی رەخنەی هونەرییدا زۆر بەسانایی و دوور لەئاڵۆزیی، دەستنیشانی خەسڵەتەکانی رەخنەگرتنی هونەری دەکات و لەم رووەوە دەڵێت:

پێویستە رەخنەی ئێمە بتوانێت لەیەك کاتدا هەم تێگەیشتن بێت لەبەرهەمی هونەریی و هەم لەجیهانیش، ئەمەش نەك تێگەیشتنێکی بەجیاو دوور لەیەکتری ئەم دوو دنیایە، بەڵکو تێگەیشتنێك، کە ئەو دوو دنیایە بەیەکەوە ببەستێت، چونکە جیهانی دەرەوەی کاری هونەریی و جیهانی ناو کاری هونەریی نەك هەردوو یەکەی سەربەخۆ نین ئۆرگانێکیشن.

ئیشی رەخنەیی و میتۆدی زانستی ئەوەیە، کە ئەو پەیوەندییە بدۆزێتەوە بەبێئەوەی بانگەشەی دوایین قسەو راستی لەسەر دونیای بەرهەمی هونەریی و لەمەر جیهانەوە بکات.

## ئێوارە دیالۆگ

لەدوا رۆژی پێشەنگاکەدا کاروان کاکەسووری چیرۆکنووس و رۆماننووس کۆریکی لەژێر نێوی (تێرمان لەنوێترین پێشەنگای رێبوار سەعید) لەکۆبنهاگن ساز کرد. کاروان کاکەسوور لەو سیمینارەدا پتر تیشکی خستەسەر چەمکی زۆربوون لەکارەکانی رێبواردا. بۆ پتەوکردنی بۆچوونەکانی پشتی بەتیۆری داروین بەستبوو. لایەکی دیکەی باسەکەی کاروان کاکەسوور مەسەلەی جەستەبوو، کە ئاماژەی بەبۆچوونی برێك لەفەیلەسوفەکان دا، لەوانە پلاتۆن و مێرلۆپۆنتی. بۆ هەر پێناسەیەك لەتابلۆکاندا وتەی یەکێك لەو فەیلەسوفانەی دەخستە نێو باسەکەیەوە. ئەوەی بەلای من و ئامادەبووانیشەوە جێی بایەخ و سەرنج بوو، هاوکات شتێکی نوێ بوو لەجیهانی سیمیناردا ئەو ئاماژە راستەوخۆیانە بوو، یا ئەو شیاکارە (پراکتیکییانە)یە بوو، کە کاروان لەسەر خودی






هەندێك لەتابلۆکانەوە دەیکردو بە دەست ئاماژەی بەهێل و فیگورەکان دەدا. ئەمەش جۆرێك لەگەیشتن یا رەوانتر بێژم شیاکارییەکی (دەنگ و رەنگ) بوو بەمەبەستی بەخێرایی گەیاندنی تێروانینەکەی بەهزری ئامادەبووان.

کاروان خوێندنەوەیەکی تایبەتی خستەروو لەبواری هونەری شێوەکارییدا، کەبەلای منەوە نوێبوو. کاروان بەجۆرێك شرۆڤەی کارەکانی رێبواری دەکرد، مرۆڤ وا هەستی دەکرد، کە خودی کاروان نیگارکێشە، یا رەخنەگری ئەو بوارەیە، نەك چیرۆکنووس. راستە چیرۆك و تابلۆ دوو دونیای جیاوازن، وەلێ پێدەچیت بوارێك هەبێت بۆ گەران بەدووی خاڵە هاوبەشەکاندا، کە هەردوو جەمسەرەکە لێك نزیك بکاتەوە. بەرای من هەر ئەمەش بوو وایکرد، کە کاروان بەبروابوون بەخۆو شارەزاییەکی باشەوە ئەو باسە بەسەرکەوتوویی پێشکەش بکات.

ئەوەی هێندەی دیکە گەرمیی دایە ئەو سیمینارە یا ئەو خوێندنەوە هەمەرەهەندە بەشداریی بەرچاوی ئامادەبووان بوو لەکۆرەکەدا، بەجۆرێك کە لەپرسیارو وەڵامی تەقلیدیی دەرچوو و بووە دیالۆگێکی گەرم لەنێوان هەردوو لادا، واتە کاروان و ئامادەبووان، کە پاشان رێبواریش هاتە ناوەوە. رێبوار زۆر بەوردی گوێی بۆ سەرنجەکان شل دەکردو بەهەند وەریدەگرتن، کەم دەدوا پتر گوێگر بوو. بەهێمنی دەپەیڤی و لەوەڵامی تێبینی یا پرسیارەکانی ئامادەبوواندا دەیگوت، لەوانەیە راست بکەیت، بۆچوونەکەت درووستە، یان دەیگوت هەوڵدەدەم لەکارەکانی داهاتوومدا ئەو خاڵەرەچاو بکەم. واتە لێرەدا رێبوار کەسێك نەبوو خۆی لەسەرووی ئێمەوە دابنێت، بەڵکو یەکێك بوو لەئێمەی گوێگر، لەتەك ئەو گشت ئەزموونە فراوانەدا هێشتا پێویستی بەتێبینی کەسانی دیکەبوو بۆ دەوڵەمەندکردنی کاروانی هونەریی خۆی. لەگەڵ ئەمانەشدا هێزو راستگۆییەك بۆ سەلماندنی بۆچوون و تێبینییەکانی بەدیدەکرا، کە لەکۆتاییدا هەموو قەناعەتمان پێدەهێنا. بەر لەکۆتایی سیمینارەکە مەودای نێوان کۆرگێرو گوێگر سرایەوەو هەردوو لا یا باشتر بێژم هەر سێ لا بوونە پێکهاتەیەك لەدیالۆگێکی جوان و سوودمەند. ئەمەش بابەتەکەی هێندەی دی رەنگین و زەنگین کرد.

رێبوار کەسێکە بەهۆی خوێندنی بەردەوام، ئەزموونی دەوڵەمەند، تەوزیفکردنی بەهرە، خۆماندووکردن، گەران بەدووی زانست و مەعریفەدا، توانیویەتی هونەرێکی باڵا بەرهەم بهێنێت. لەکۆتاییدا پێویستە بڵێم بەدیتنی ئەو پێشەنگایەو بەسیمینارە بەپێزو گەرمەکەی کاروان و بەخوێندنەوەی بابەتەکانی ماڵپەرەکەی رێبوار، هێندەی دیکە رێزو خۆشەویستیم بۆ کارەکانی رێبوار پەیداکرد.

# ژیانی هونەریی قادر کابان



هونەرمەندی کۆچکردوو قادر کابان

کاروان کابان

رۆژانێك سەرهەڵدان و راپەرینی هونەریی لەسالآنی پەنجاكان و شەستەكان لەكانگای كۆمەڵگەیەكی دواكەوتووی كوردەواریی و كوردستانێكی ژێردەست و زەوتكراو لەشارێكی وەك شاری سلێمانی، كۆمەڵێك هونەرمەندی زۆر بەتواناو بەسەلیقە لەو پانتاییە بچووكەی گۆرەپانی هونەر دەستبەكاربوون و زۆر بابەتی هونەریی شیاو و نایابیان هێنایە وجود، رێبازێكیان بۆ هونەر داناو تیپی موزیكی گەورەیان دروستكرد، وەك (تیپی مۆسیقای مەولەوی) كۆن، یەكێك لەناودارترین ئەندامی ئەم تیپە هونەرمەندی ناسراوی شاری سلێمانی (قادر كابان) بوو.

ناوی عەبدول قادر جەلال مەحمود لەساڵی ١٩٣٧ لەشاری سلێمانی لەگەرەكی مەڵكەندی هاتووەتە دنیاوە، ژیانی هونەریی لەمنداڵییەوە دەستپێكردووەو خولیای هونەر بووە لەپاڵ خوێندنەكەیدا، شاگرد سەرتاش بووە لای وەستا سەلامی سەرتاش بۆ دابینكردنی بژێویی ژیانی خۆی هەر لەبەر پیشەی سەرتاشی نەیتوانیوە خوێندنەكەی تەواو بكات، لەگەڵ ئەوەشدا لەپیشەكەیدا زۆر سكەوتوو بووەو تا توانیویەتی بۆ مسۆگەركردنی ژیانی خۆی دووكانێك دابنێت بەناوی سەرتاشخانەی دەرسیم.

ساڵی ١٩٦٧ لەشاری سلێمانی خێزانی پێكەوەناوەو سێ منداڵی هەیە.

هونەرمەند لەدوای شۆرشی ساڵی ١٩٥٨-ەوە دەستی داوەتە گۆرانی وتن و چەند بەرهەمێكی تۆماركراوی هەیە لەوانە: دەربەدەریی، شەم، بەجارێ ماڵی وێرانم، جادە





چۆڵ و سێبەر بوو، فریشتە، چاوەروانی بێ هودە، بۆ كچێكی شۆخ، گوڵی سوورو هەروەها لەگەڵ هەندێك لەسروودی نیشتمانی كە لەساڵی ١٩٦٠ تۆماركراوە، لەدوای ئەو بەرهەمانەشەوە بەرهەمی تری ئامادەكردووە بۆ تۆماركردن، بەڵام فریانەكەوتووە تۆماری بكات، هونەرمەند لەبەرواری ٢٨/٢/١٩٨١ لەلایەن رژێمی بەعسەوە گیراو تاوەكو ئەمرۆش بێ سەروشوێنە.

هونەرمەند خاوەن كەسایەتییەكی بەهێزو هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانەبوو، لەگەڵ هونەرەكەیدا زۆر سەركەوتووبووەو زۆر كاریگەربووە بەهۆنراوەكانی مامۆستا گۆران و وەلی دێوانە، هەروەها لەگەڵ ئەم تیپە هونەرییانە كاریكردووە، تیپی مۆسیقای مەولەوی تیپی مۆسیقای سلێمانی- تیپی مۆسیقای هەولێر، هونەرمەندێكی لێهاتوو بووەو لەسەر توانای خۆی، خۆی پێگەیاندووەو لاسایی هیچ هونەرمەندێكی نەكردووەتەوە، گەلێك لەهونەرمەندان ویستوویانە لاسایی ئەم بكەنەوە، بۆ نموونە ناسری رەزازی، جادە چۆڵ و سێبەر بووی وتووەتەوە، بەڵام باشی وتووە، هەروەها زاهیر جەلال هەمان گۆرانی و شەمی شەوانیشی وتووەتەوە، قادر دیلان روومەتی وەك گوڵی بێگەردی وتووە لەسەر ئاوازی گوڵەسوورە جوانەكەی.

یەكەمین تیپی هونەریی كە هونەرمەند كاری تێدا كردووە، تیپی مەلەوی كۆن بوو، كە ئەوكاتە پێكهاتبوو لەم بەرێزانە (قادر دیلان- ولیەم یوحەنا- نەجات عەبدە- بەهجەت سەعاتچی- هادی عەبە- حاتم)و لەساڵی ١٩٦٧-ەوە كاری لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی كردووە، هونەرمەند قادر كابان زۆر بەسەلیقە بووە لەهەڵبژاردنی هۆنراوەداو هەموو هۆنراوەیەكی نەدەكرد بەگۆرانی، بەڵێ زۆر هۆنراوە هەیە جوانە، بەڵام رەنگە دەستنەدات بۆ گۆرانی، وەك تەكنیك دەنگێكی زۆر بەتوانای هەبووە، تۆنی دەنگی زۆر پاك بووەو دەنگی بڵند بوو، ئەو ئاوازانەی كە وتوویەتی تەواو زاڵ بووە بەسەر تۆنەكانی خۆیداو ماوەی دەنگی زیاتر بووە لەمەودای چینێك، لەسەر تەبەقەی (لاوسی)یەوە گۆرانی وتووە، پلەی دەنگی زۆر بەرزبووە لەسنووری (٢,٥) ئۆكتاف زیاتریش یاریی بەدەنگی خۆی كردووە، ئاوازی گۆرانییەكانی هی خۆی و كەریم كابان و خالید سەركارو ولیەم یوحەنا بوون، بەڵام گۆرانییەكانی زیاتر لەئاوازی خۆی بوون و كەمێك لەئامێری عودی زانیوە، لەرووی ئەداوە زۆر بەتوانا بووە هەروەها لەگەڵ ئاوازدانانیشدا كە دایناوە بروای زۆر بەخۆی بووە، ئارەزوویەكی جوانی هەبووە لەهەڵبژاردنی هۆنراوەی ناسك كە كار بكاتە سەر گوێگران، قادر كابان وتوویەتی (گۆرانیبێژ كە گۆرانی دەڵێت بۆ جەماوەر، دەبێت سەرنجی بینەر رابكێشێت، هەروەها گۆرانی تەواو دەبێت هۆنراوەو ئاوازەكەی بەتوانا بێت و وتنەكەشی بەتوانا بێت، جا ئەوە گۆرانی موتەكامیلە) دیارە گۆرانییەكانی هونەرمەند ئەم سێ مەرجە بنەرەتییەی تیایەو خاوەنی جەرەسی دەنگی خۆی بووەو هونەرمەندێكی موقەلید نەبووە، هەر لەسەرەتاوە خاوەنی شەخسیەتی خۆی بووەو ئەدای ئاوازی قورسیكردووە، زاكیرەی بەهێزبووە لەئاوازداناندا ئەم سیفەتانەی

هەمووی لەگەڵ هەڵبژاردنی شیعری ناسکدا هەڵدەبژارد، هەموو ئەمانە کەسێتی قادر کابانیان دروستکرد، هونەرمەندی خوالێخۆشبوو ئیبراهیم خەیات کە زۆر هاورێی نزیك و دڵسۆزی قادر کابان بوو، لەچاوپێکەوتنێکدا دەربارەی هونەرمەند قادر کابان دەڵێت: هونەرمەند قادر کابان برایەکی خۆشەویستی من بوو، لەرێی پاکیی خۆیدا گیانی خۆی بەخشی لەپێناو گەلەکەیداو لەپێناو نیشتمانەکەیدا شەهیدکرا، قادر کابان لەسەردەمێکدا ژیاوە کە میللەتی کورد نەیدەتوانی بەسەربەستی هەموو گۆرانییەك و هەموو هۆنراوەو ئاوازێکی هەر کوردایەتی و بۆ خزمەتی میللی و نەتەوەکەی بێت، جا ئەو وەختە کە دەیوست ئاوازێك دابنێت و رێی لێ نەگیرێت کاتێك دەچوو بۆ تەلەفزیۆن یان ئیزاعە ئەو شیعرانەی هەڵدەبژارد کە عاتفی بێت و بەسەر سروشت و جوانی ئافرەت هەڵبدات، بەڵام خۆی تەنیا مەبەستی خزمەتی میللەتەکەی بوو، میللەتەکەشمان پێکهاتووە لەئافرەت و سروشت و جوانی و خاك و خۆڵ و ئەگەر وەسفی هامووشیان بکەین حەقی خۆمانە، هەموو ئاواتی قادر کابان ئەوە بوو کوردستان ئازاد بێت و خزمەتی میللەت و هونەری نەتەوەکەی بکات، هەتا من گۆرانییەکم هەیە (ئێمە گیانێکین لەدوو جەستەدا) وا دەزانم ئەو گۆرانییەی من لەو گۆرانییەی ئەوەوە وەرگیراوە کە ئەو دەیوت، کاتێك لەو دنیاش زیندوو بوومەوە سەرلەنوێ بۆ کورد تێ هەڵدەچمەوە، هونەرمەند کابان موعجیب بووە بەدەنگی هەموو


هونەرمەندی کۆچکردوو قادر کابان، لە کارێکی هونەریدا



گۆرانیبێژێك کە گۆرانییەکەی تەواو بووبێت و رێکوپێك بووبێت و دەنگێکی بەسۆزو مۆسیقی هەبووبێت، هەموو کات حەزی لەگۆرانی عاتفی دەکرد کە تۆزێك خەمناك و حەزین بێت، لەبەرئەوەی میللەتەکەی ژێردەستە بووە، قادر کابان تاهەتایە لەدڵی میللەتی کورددا دەمێنێت*.

هونەرمەند قادر کابان یەکێك بوو لەو هونەرمەندانەی کە خاوەنی چەند گۆرانییەکی رەسەنی کوردی تۆمارکراوە، کە هەریەك لەگۆرانییەکانی تاموچێژی تایبەتی خۆی هەیەو کەلێنێکی لەهونەری مۆسیقاو گۆرانی کوردی پڕکردووەتەوە، چ لەرووی دەنگ و لەرووی ئاوازو جۆری ئەداکردنەوە، سەرنجی زۆربەی بینەرو گوێگرانی راکێشاوە، گۆرانییەکانی هونەرمەند لەو بابەتە گۆرانییانەی کە هەرگیز بەسەر ناچن و هەردەم بەسەر زاری خەڵکەوەیەو هونەرمەندە بەتواناکانیش بەشانازییەوە لەشێوەی مۆسیقاداو بەشێوەی تازەگەریی کاری تێدا دەکەن.

هەندێك لەگۆرانیبێژان ئەو گۆرانییانەو لەو بەرهەمانە دووبارە دەکەنەوە، دەتوانین گۆرانییەکانی هونەرمەند قادر کابان بخەینە قاڵبی شێوازی گۆرانییە نوێیەکانەوە، لێرەدا چەند کورتە باسێکی هەریەك لەگۆرانییەکانی هونەرمەند قادر کابان دەخەینەروو.

-دواتیری کەوانی خۆت بهاوێژە دوژمن: سەبارەت بەم سروودە کە هۆنراوەی ئیبراهیم ئەحمەدە، کە بەراستی چ ئاوازو چ هۆنراوەو چ ئەدای هونەرمەند قادر کابان گەلێك بەسۆزو کاریگەربوون، کە بەراستی هونەرمەند هەقی تەواوی داوە بەسروودەکە، لەروانگەی گەشبینی خۆیەوە دەیروانییە داهاتووی میللەتەکەی.

-بەدەربەدەریی: هونەرمەند زیاتر بەم گۆرانییە ناسرا، کە ئاوازەکەی هی خۆیەتی و هۆنراوەی هەژار موکریانییە کە لەگەڵ تیپی مەولەوی کۆندا تۆماریکردووە.

-هەی شەمی شەوان: لەساڵی ١٩٦٨دا ئەم گۆرانییەی وتووە، بەڵام تۆمارینەکردووە، ئاوازی خۆیەتی و ئامادەکردنی ئەنوەر قەرەداغییەو هۆنراوەی وەلی دێوانەیە، بەڵام لەساڵی ١٩٧٣ لەبەغدا تۆمارکراوە.

-عومری شیرینم: یەکێکە لەگۆرانییەکانی کە لەساڵی ١٩٧١دا لەبەغدا لەفێستیڤاڵی یەکەمی هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردیدا لەهۆڵی خولد پێشکەشی کردووە، ئاوازی خالد سەرکارو هۆنراوەی ئەخۆلی شاعیرە.

-لەدرزی پەچەوە: ئەم گۆرانییە بەناوبانگە بەجادەچۆڵ و سێبەر بوو، کە ئاوازی کەریم کابانەو هۆنراوەی مامۆستا گۆرانە کە لەساڵی حەفتاکان تۆماریکردووە، هەروەها لەئاهەنگەکانیشدا لەسەر شانۆ وتوویەتی ئامادەکردنی مۆسیقای ئەنوەر قەرەداغییە.

-گوڵی سوور: ئەم گۆرانییە لەئاوازی مامۆستا ولیەم یوحەنایەو هۆنراوەی شێخ ئەحمەدی شێخ غەنییە، کە نازناوی فەوزییە لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانیدا

تۆماریکردووە، ئەم گۆرانییەی لەسەر ئاوی زەڵم تۆماکردووەو غولام سەعدی وێنەی گرتووە.

-چاوەڕوانی بێ هودە: ئەمەش یەکێکی ترە لەگۆرانییەکانی کە لەگەڵ تیپی مۆسیقای هەولێر تۆماریکردووە، کە ئاوازی خۆیەتی و هۆنراوەی ئەحمەد هەردییە.

-فریشتە: ئەم گۆرانییە هونەرمەند قادر دیلانیش وتوویەتییەوە لەسەر ئاوازی گوڵی سوور، ئەم گۆرانییە ئاوازی خۆیەتی و لەهۆنراوەکانی کامەران موکرییە، لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانیدا تۆماریکردووەو ئامادەکردنی ئەنوەر قەرەداغییە.

-لەرێی دڵداریدا: ئەم گۆرانییە هۆنراوەی شێخ ئەحمەدی شێخ غەنییەو ئاوازی کەریم کابانە، ساڵی ١٩٥٤ کەریم کابان لەئێستگەی بەغدا تۆماریکردووە، بەڵام قادر کابان لەئاهەنگێکدا وتوویەتییەوەو دواتر لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانیدا تۆماریکردووە.

-بۆ کچێکی بێگانە: ئاوازی کەریم کابانەو هۆنراوەی گۆرانە، لەگەڵ تیپی مۆسیقای هەولێر تۆماریکردووە.

لەژمارە ٣٣ی رۆژنامەی پاشکۆی عێراقدا کە بە زمانی کوردی دەردەچوو، لەکانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٠دا لەلاپەرە (٥)دا ئیبراهیم عەلی مەحمود چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ هونەرمەند قادر کاباندا کردووە، هونەرمەند قادر کابان دەڵێت:

گۆرانی و ئاوازی کوردی هونەرێکی رەسەنەو مۆرکی تایبەتی خۆی هەیەو جیاوازە لەگۆرانی و ئاوازی میللەتانی ترو تاموچێژی خۆی هەیەو ئاشکرایە کە ئاوازو گۆرانی هەریەك تەواکەری یەکن، چونکە گۆرانی ئاوازەو ئاوازیش گۆرانییە، ئەگەر هونەرمەندێك یان تیپێکی هونەریی نەبێت ئاوازم بۆ دابنێت و ئاوازەکانم لەبەر هەر هۆیەك بێت پەسەند نەکرێت، بێگومان گۆرانیم لەئاواز لا پەسەندترەو هەروەها ئەو ئاوازو گۆرانییانەی پێشکەشم کردوون و ئەوانەی نیازمە پێشکەشیان بکەم، لەهەڵبەستی شاعیرە کۆنە نەمرەکانن، کە بەشێوەی کلاسیکی و رۆمانسی هەڵبەستیان داناوە، هۆکەشی ئەوەیە کە لەکێش و قافیەدا لەگەڵ ئاوازەکانمدا دەگونجێن، جگە لەوەش تاموچێژیان زیاتر کاریان تێکردووم، لەنێو ریزی هونەرمەندانی کورددا خۆم لەتای تەرازووی ئەو هونەرمەندانە دادەنێم کە لەبواری ئاوازو گۆرانیدا دەتوانن خزمەتی نیشتمان و نەتەوەکەیان بکەن.

هەروەها هۆی دوورکەوتنەوەی لەتیپی مۆسیقای سلێمانی روونده‌کاتەوەو دەڵێت: لەگەڵ هەڵهاتنی ئەستێرە گەشەکەی کوردستان، تیپی مۆسیقای سلێمانی، لەریزی ئەو تیپەدا ئەندامێکی چالاك بووم و لەهەموو چالاکییەکاندا بەشداریم کردووە، بەپێویستی سەرشانم زانیوە خزمەتی هونەرەکەم بکەم، لەسەرەتای دروستبوونییەوە تاوازهێنانم لێیان، بەواتایەکی تر لە ١٩٦٧ تا ١٩٧٨ تەنها چوار گۆرانی تۆمارکراوم هەبوو، جگە لەوەی کە مانگی بەدەیان نامەم لەلایەن هونەردۆستانەوە لەهەموو لایەکی کوردستانەوە بۆ دەهات و داوای بەرهەمیان لێدەکردم، منیش وەك شتێکی





پێویست چەند ئاوازێکم پێشکەشی لیژنەی پشکنین کرد، کەچی پەسەند نەکران، گوایە مۆرکی کوردییان پێوە نییە، زۆرجاریش داوام لەهونەرمەندەکانی تیپ دەکرد کە ئاوازم بۆ دابنێن، یان کەموکوریی ئاوازەکانم چاکبکەن و دایبرێژنەوە بەقاڵبێکی کوردی، بەڵام لێرەشدا تەگەرە دەهێنرایە رێگەم و رەخنەی ئەوەیان لێدەگرتم کە دەنگم و ئاوازم کوردی نییە! ناچار گۆشەگیربووم و وازم لەهونەری گۆرانی هێنا لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانیدا، لەگەڵ ئەوەشدا ئامادەم لەپێناو خزمەتی هونەری نەتەوەکەمدا، گۆرانی و ئاواز تۆماربکەم و لەگەڵ هەر کۆڕو کۆمەڵێکی هونەری کوریدا هاوکاری بکەم، بەمەرجێك لەپایەی هونەریم نەهێنێتە خوارەوە.

شایانی باسە، هونەرمەند شێوازێکی تایبەتی و سەربەخۆی هەبوو لەوتنی گۆرانییەکانیدا، شێوازی وتنی جیاوازییەکی هەستپێکراوی هەبووە لەگەڵ هەموو گیرانیبێژەکانی تردا، گۆرانییەکانی تاموچێژێکی ئەوتۆی تێدابووە کە بەتەواوەتی کاریکردووەتە سەر هەست و دەروونی بینەران.

بەدوورکەوتنەوەی هونەرمەند قادر کابان زیانێکی گەورە لەمۆسیقاو گۆرانی کوردی کەوتووە (مارگرینت رۆدینکۆ)، کە یەکێکە لەو نووسەرە بێگانانەی کە دڵسۆزانە خزمەتی ئەدەبی کوردی کردووە، هەرچەند کەم ژیاوە، بەڵام توانیویەتی لەژیانیدا شەش کتێبی مەزن لەبارەی لاوانەوەی کوردییەوە بەچاپ بگەیەنێت، هونەرمەند قادر کابان هەرچەندە ژیانی هونەریی کەم بووە، بەڵام گرنگ ئەوەیە لەژیانیدا توانیویەتی نۆ گۆرانی بەنرخی تۆمارکراو بەجێ بهێڵێت، کە کەلێنێك لەمۆسیقاو گۆرانی کوردی پڕ بکاتەوەو کاربکاتە سەر گوێگران.

لەرێکەوتی ٢٠٠٩/٨/٢٥ لەکاتژمێر (٦)ی سەرلەئێوارە، بەئامادەبوونی ژمارەیەك لەنوێنەرانی لایەنە سیاسییەکان و هاورێیانی هونەرمەندی شەهیدو خەڵکێکی زۆری شاری سلێمانی و لەمەراسیمێکی تایبەتدا لەبەردەم هۆڵی رۆشنبیریی پەردە لەسەر پەیکەری هونەرمەندی هەمیشە نەمر قادر کابان، لەلایەن هونەرمەندی خوالێخۆشبوو ولیەم یوحەناوە لادرا.

*ئەم زانیارییە رۆژی پێنجشەممە ١٩٩٤/٣/٣ کاتژمێر ١:٣٠ وەرگیراوە لەهونەرمەندی خوالێخۆشبوو ئیبراهیم خەیات.

تێبینی: سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ بەرێز هونەرمەندی موزیك تارا ئەحمەد رەسول کە توێژینەوەیەکی هونەریی دوورو درێژی لەسەر ژیانی هونەریی قادر کابان ئەنجامداوەو زۆربەی زانیارییەکانم لەو توێژینەوەیەی ئەو وەرگرتووە.

# ئەبستراکت و هونەری نوێ

تەها ئەحمەد رەسوڵ

هونەری ئەبستراکت یان داماڵین و رووتکاریی لەبەرایی سەدەی بیستەمدا لەدایکبوو، سەرەتا لەهونەری نیگارکێشاندا خۆی بەدەرخست پاشان بەساتەوەختێکی درەنگتر لەپەیکەرتاشیندا، ئەو شێوانەی کە پێشتر نەبینرابوون و لەواقیعی دەرەکیدا بوونیان نەبوو، یان لەواقیعدا هەبوون و سیماو رواڵەتی تایبەتی و ئاشکرایان دەدایە هەستەکان و لەم رەوتەدا بەتێکشکاویی دەخەملێنران، وەك هێماو نیشانەو ئاماژەی سادەی شتەکان و رەنگدانەوەی پەرچەکردارەکانی هونەرمەند لەرێگەی هەرەمەکیی دیاردە دەرکپێنەکراوەکانەوە گوزارشتیان لێ دەکردو زمانێکی تایبەتییان نەدەبەخشییە شتەکانی چواردەوریان، بەڵکو هەستەکانیان لەبەهای رەنگەکاندا دەتواندەوەو بەهۆی سیمبولی ئەندازەیی شتە هەستپێکراوەکانەوە مەرامەکانیان دەردەبڕی.. یەکەم بەرهەمی رۆچوونە ئەم رەوتەشەوە، لەتابلۆیەکی (کاندینسکی)دا خۆی دەنوێنێت کە مێژووەکەی بۆ ساڵی ١٩١٠ دەگەڕێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە چەندین هونەرمەندی تر هەر لەو ساڵانەدا لەتابلۆ ئاوییەکانیاندا بەرجەستەیان کردبوو، بەڵام گرنگییەکی ئەوتۆیان نەبەخشی، چونکە زیاتر لەو هەولانە دەچوون کە دەکەوتنە بۆتەی لێکۆڵینەوەی سەرەتاییەوە بۆ خەملاندنی تابلۆکانیان و بەرواڵەت نوێنەرایەتی ئەوەیان نەدەکرد کە کارێکی ئەبستراکت بەئەنجام بگەیەنن.. ئەگەر کاندینسکی بەیەکەم هونەرمەندی ئەو رەوتە بژمێردرێت ئەوا (مۆندریان)یش لەساڵی ١٩١٤دا هەمان تێڕوانینی جیاوازی هەبوو، لەپاشاندا (مالیڤیتش).. هەرسێکیشیان لەماوەیەکی کەمدا لەمیونشن و پاریس و مۆسکۆدا سەربەخۆ هەمان کاریان دەکردو بەو چەشنە لەئەوروپادا سەقامگیر بوو.

هەندێکیش لەو باوەڕەدان کە کارەکانی (کوبکا) هاوشانی پێشینەی ئەو رەوتەیەو





رۆڵێکی کاریگەری هەبووە لەدامەزراندنیدا. هونەرمەندانی نوێخواز بەقووڵییەوە دەیانڕوانییە کاری وەحشییەکان (فاوڤیزم)و تەعبیری (ئێکسپرێشێنیزم)و (کۆبیزم) لەچۆنێتی رەگەزو سیماو پێناسیاندا، کە سەرئەنجام ئەوەیان بەدەردەخست ریالیزم بووە بەهەڵم و چیتر هاوشانی فۆرمەکان نابێتەوە.

بەر لەم مێژووەی دامەزراندن و سەرهەڵدانی هونەری داماڵین، پێشینەیەکی باوەڕپێکراومان دەستگیر نابێت بۆ بوونی هونەرێکی داماڵراو لەکارە مێژووییەکاندا.. خۆ ئەگەر وردتر رۆبچینە نێو بەرهەمە مرۆییەکانی نێو ئەشکەوت و چاخی بەردینی کۆن و نوێ و شارستانییە بەراییەکانی مرۆڤایەتییەوە، هەر لەنیگارو هەڵکۆڵراوە فیرعەونی و ئاشوورییەکاندا، کاری پەیکەری ئەفریقی و هندییە سوورەکان (کە لەپاشاندا لەرەوتی کۆبیزمدا پیکاسۆ سوودیان لێوەردەگرێت و سەرلەنوێ شێوازو بنەماکانیان بەرجەستە دەکاتەوە)[1] یان لەپەیکەری گریکییە دێرینەکاندا، تەنها رووبەڕووی شێوازێکی سەرەتایی پڕ ئەفسانەو ئەندێشەو هێماو دەلالەتێکی ئایینی و میتافیزیکی دەبینەوە، چونکە سەرباری ئەوەی کە زۆرینەی ئەو چەشنە نیگارو نەخش و شێوازانە، هەڵگری واتای قۆناغێکی ژیان و پێداویستی و مەرامی رۆحی و کێشەی بوون و جۆرێك لەتەوتەم[2] بەدیار دەخەن، هێندەش لەسیمبولە ئایینی و سرووتەکان نزیکمان دەخەنەوە.. ئەگەر بەوردیی بڕوانینە هونەری ئیسلامی و لەنەخش و زەخرەفەو هێڵە ئەندازەیی و هێماکانیان بکۆڵینەوە، ئەوە دەردەکەوێت کە لەباوەڕێکی ئایینییەوە ئەو سیمبولانە بوونەتە پیرۆزکردنی باوەڕە رەهاکانیان، چونکە وایاندەبینی کە رێزگرتنی دابونەریتە ئاسمانییەکان رێگە بەوە نادەن وێنەی رووخساری بنیادەمێك وەك خۆی بەرجەستە ببێت کە چۆن خواوەند دروستیکردووەو شێوەیەك دەبێت لەخولقاندنەوەی ئەو کارەی کردگار، بەوپێیە پەنای بەرەو شێوازی دی دەبردو لەهێڵەکاندا شێوەی گوڵ و باڵندەو ئاژەڵەکانیش بەچەشنی دیکە خۆیان دەخستەڕوو. وێنەی ئەسپی بوراقی باڵدار بەکەللەسەری بنیادەمەوە، نەك نزیکبوونەوە بوو لەشێوەی ئاژەڵە باباییەکان[3] بەڵکو بەدەرخستنی رووداوێکی پیرۆزی دەپێکاو دەیخستە نێو مێژووی باوەڕیانەوە.. وێنەی خاچی مەسیحییەکان زیندووترین نموونەی ئەو سیمبول و هێمایانەیە کە لەتێڕوانینێکی ئایدیالییەوە دەبێتە پیرۆزکردنی رووداوی مێژوویی و شێوەیەکی داماڵراو نابەخشێتە خاچەکە خۆی.

لەگەڵ زۆرینەی ئەو راو بۆچوونانەشدا کە دەربارەی هونەری تایبەت بەهەستی (بینین)ەوە لەئارادان، وەك هەوڵەکانی فەلسەفەی هونەرو فەلسەفەی جوانیی و ئیستاتیکاو بەهاو ئەرکی هونەر لەبەدەرخستن و بانگهێشتکردنی هونەر بەوەی داماڵین دەپێکێت و خۆی لەبنەرەتدا هونەرێکی داماڵراوە، لەرێگەی هێڵ و رەنگەوە، پێکهاتەو رەهەندەکانی جوانیی دێنێتە کایەوە، لەکاتێکدا لەسەر رووبەرو پانتایی ناکامڵ و درۆئامێزدا

بەرەو شتە واقیعی و راستەقینەکانمان دەبات و ئەو هەستەمان پێدەبەخشێت کە ئەوەی بەچاوی خۆمان دەیبینین راستییەو لەگەڵ رواڵەتەکانی ژیاندا هیچ جیاوازییەکیان نییە، کەسەکان زیندوون و تەماشامان دەکەن، باڵندەکان دەفڕن و سێبەرەکان لەزەمەنی خۆیاندا سەرنجراکێشەرن، لەکاتێکدا هێڵ و رەنگ و رووبەر پێکەوە ئاوێتە بوون و لەو رەگەزانە زیاتر چیتر نین.،. بەڵام وێڕای ئەم بۆچوونانەش لەداماڵین و رووتکردنەوەی هونەر لەبۆتەی دیاریکراوی خۆیدا، ئەفسوون و سەرسوڕمان دەبێتە مایەی گرنگیپێدان و توێژینەوەی.. ئەگەر بەشێکی بچووکی رووبەر لەتابلۆیەك وەك کارێکی سەربەخۆو جیهانێکی تایبەت جوێ بکەینەوەو لەنزیکەوە سەرنجی لێبدەین، دەبینین بەکارهێنانی رەنگ و خزینی سەرە فلچە، پێکهاتەو ئاوێتەبوونێکی ئەو پەڵە رەنگانە دەدات بەدەستەوە کە هیچی لێ تێناگەین و لەهەموو ماناو ناوەرۆکێك داماڵراوە، ئەمەش وەك پەرچەکرداری ئەو هەستەیە کە پێشتر لەلامان گەڵاڵە بووەو سەرباری بەدیکردنی ژیانێکی زیندوو و راستەقینە لەدیمەنێکی سروشتیدا هەست بەبوونی هونەرمەندەکە دەکەین و پاشماوەو ئاکامی کارەکەی ئەوە دەخوازێت کە بەو شێوەیە بیربکەینەوە، هۆیەکانی خەملاندنی نیگارەکە لەگەڵ رەگەزو کەرەستەو ماتریالەکاندا ئەو سەرەنجامە دێننە کایەوە، دەنا کاتێك بڕوانینە وێنەیەکی فۆتۆگرافی هەمان دیمەن بەچاوی هاوێنەو کامێرا، بەشێوەیەکی راستەقینەو واقیعییەوە سەرنج دەدەینە ئەو گرتەیەو بەرەو ئەو لێکدانەوەیە رۆناچین، بەشێکی تەواوی ئەو بۆچوونانە لەبۆچوونەکانی فیساگۆرس و فەلسەفەی گریکییەوە سەرچاوەیان گرتووە، بەتایبەتیش لەفەلسەفەی جوانی سوکرات و ئەفلاتوون و ئەرستۆدا کە بەو شێوەیە دەیانڕوانییە بەهای هونەرو لەبەرجەستەکردنی جوانیدا پێناسەی مەبەستی جوانییان دەکردو ریاندەگەیاند کە پێویستە جوانیی هونەر پەنا بباتە بەر بەخشینی بەهاو سوودو خێرو راستی، سەرەڕای چێژیش کە لەو بابەتانە بەدەر نەبێت و هەمیشە ئەو رێڕەوە بگرێتەبەر.. ئەفلاتوون وایدەبینی کە هونەری نیگارکێشان لاساییکردنەوەی لاساییە، لاساییکردنەوەی دیمەنێك کە ئەویش راستەقینە نییەو لاساییکەرەوەی رواڵەت و رۆحی کرداری کردگارە، هەربۆیە وایدەبینی کە موزیك لەهەموو هونەرەکان رووتترو داماڵراوترەو جوانیی راستەقینە وەك راستی و سوودو بەها تەنها لەژمارەکاندایە کە رێژەیەکی نەگۆڕیان هەیەو هەر لەو راستییەدا دەمێننەوە، ئەم کێشمەکێشەش بووە گرفتێکی فەلسەفەی جوانیی و پرسیارێکی بێ وەڵامی فەلسەفە بەدرێژایی سەدەکان.

پاش ئەم تێڕوانینە بۆ دەستنەکەوتنی شێوازێکی داماڵراو لەپێشینەی مرۆڤایەتیدا، لێرەدا پێویستە لەو سەرچاوانە بکۆڵینەوە کە رێگەخۆشکەر بوون بۆ هاتنەئارای ئەم رەوتەی بەشێوەیەکی بەربڵاو بەمێژووی سەدەی بیستەمەوە نووساوە.. ئاشکرایە کە گەڵاڵەبوونی هەر ئایدیۆلۆژیایەك پەیوەندییەکی پتەوی بەگۆڕان و وەرچەرخاندنی ژیانی





مرۆڤایەتییەوە هەیەو بەپێی قۆناغە گەشەسەندووەکانی کۆمەڵگە هاتووەتە مەیدانەوە، وەك پەرچەکردارێکی پێویست و گونجاو لەگەڵ رەوتی پێشکەوتندا برەوی پێدراوەو هاوشانی هەلومەرجەکان بووەتەوە، هزری مرۆڤایەتیش سەرباری ئەوەی کاریگەریی خۆی هەبووە لەسەر گۆڕینی قۆناغەکان، ئەوەندەش کەلتوورو ئایدیۆلۆژیارو دابونەریتی کۆمەڵگە هەمان کارلێکی خۆیان هەبووە.. وەختێك لەهونەری کلاسیکی دەتۆژینەوە، قۆناغێکی مرۆڤایەتیمان بۆ یەکالادەبێتەوە، لەچۆنێتی ژیان و ئایدیۆلۆژیای باو و کاریگەریی ئەو هۆکارو رەگەزانەی ریگەخۆشکەر بوون بۆ لەدایکبوونی ئەو رێبازو بزووتنەوەیە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا تێڕوانین و بۆچوونی هونەرمەندەکانیشمان دەستگیردەبێت کە هەریەکەو نیگایەکی سەربەخۆو رایەکی جیاواز بەرامبەر جیهانی دەرەکی دەردەبڕێت و پارێزگاری لەشێوازو تایبەتمەندیی خۆی دەکات.

هونەری کلاسیکی بەهەردوو رەوتی بارۆك و روکۆکۆوە، وێڕای ئەوەی لەچینەکانی کۆمەڵدا دیدو سیماو ئەدگاری تایبەتی دەخستەڕوو، لەهەمان کاتدا پێودانگ و یاساو رێسای سەربەخۆیان لەناوەرۆك و شێوەدا پرۆسە دەکردو ناسنامەی جیایان هەبوو، پاش سەرهەڵدانی کلاسیکی نوێ و سەردەمی هاتنە مەیدانی رۆمانسیزم، ئەوە دەردەکەوێت کە مرۆڤایەتی پێ دەخاتە قۆناغێکی نوێوەو ئایدیۆلۆژیایەکی دی دەبێتە مۆرکی سەردەم.،. کە ئەمەش لەگەڵ هەردوو شۆڕشی پیشەسازیی ١٧٧٦ی ئاسن و هەڵم و شۆڕشی فەرەنسی ١٧٨٩دا بۆ تەقینەوەی هەست و لێکدانەوە خودییەکان دێتە ئاراوە. ئەگەر کلاسیزم هونەرێك بووبێت هەمیشە لەخزمەتی کڵێساو چینی ئەرستۆکراتیدا، ئەوا لەقۆناغی دواتری رۆمانسیزمدا بووە موڵکی گشت و لەپێناوی ژیانی هەمووواندا تێدەکۆشا، لەقۆناغی پیشەسازیشدا بەرهەمی خێرای کەرەستەکانی هونەرمەند هێندەیتر بزاوتن و جووڵەی بەخشییە هونەرو وایکرد کە ببێتە موڵکی هەموو ئەوانەی ئەو توانایەیان لەخۆیاندا هەستپێدەکرد.. ئیدی سەرەتای لێکترازانی پەیوەندیی خودو کۆمەڵگە لەو قۆناغە گەشەسەندووەدا بووە هۆی دروستکردنی کەشوهەوایەك کە مرۆڤ گیرۆدەی ئەو لێکدانەوەیەی بێت و هەست بکات لەنێو کۆمەڵگەدا کەسێکی نامۆیە. هەربۆیە دەبینین هونەری رۆمانسی پەنا دەباتە بەر نموونەی باڵای مرۆڤایەتی و ئەفسانەو میتۆلۆژیا تا وەك فریادڕەسێك بەهانایەوە بێتەوە، خەمۆکی و لێکدانەوەی هەستەکانی ناوەوە هێندەیتر ئەو درزەی نێوان خودو کۆمەڵی گەورەتر کردو دابرانی هەردوو جیهانەکەی پێشاندەدا.. لەئاکامی ئەمەشدا، هونەری رۆمانسی دیوێکی تری لەخۆگرت و لەقۆناغێکی دواتردا بۆ هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانە گۆڕاو خۆی بە بەرپرسیاری مەینەتییەکانی ژیان دەزانی، لەبەرئەوە گەڕایەوە بۆ نێو ژیان و بەهەموو هێزو گوڕێکیەوە جەختی لەبەدەستهێنانی مافە رەواکانی خۆی دەکرد، هونەرمەندانی وەك (دێلاکروا)و (گۆیا) نموونەی زیندووی ئەو قۆناغەن.

لەسەر خاکی ئەم گۆڕانکارییەدا، گەڕانەوەو کاریگەریی هونەر لەسەر ژیانی هاودەم، ڕۆمانسیزم ڕێی بۆ لەدایکبوونی ڕێبازی ریالیزمی فراوانکرد، لەم قۆناغەشدا هونەر بەشێوەیەکی چالاك و بەربڵاو ڕژایە نێو ژیانی ڕۆژانەوەو پەرچەکردارێکی تەواوی هەستە ڕاستەقینەکانی بوون.. ئەم ڕێبازەی دوایی هێندە مامەڵەیەکی دیارو بەرچاوی هەبوو لەگەڵ ژیاندا، تا ئەو رادەیەی بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێت بەرەو سروشتی و ناچرالیزم پەلی دەهاویشت و ئاوێتەی ڕەوتێکی تر دەبوو، هونەرمەندێکی وەك (کۆربێ) لەنێوەندی ئەم لێشاوە ئاوێتەبووەدا ئەوەی ڕەتدەکردەوە کە بەهونەرمەندێکی ریالیستی لەقەڵەم بدرێت و نازناوی نیگارکێشی پەسەند دەکرد وەك لەوەی بەهونەرمەند بناسرێت.. بەم چەشنە، لەگەڵ هاتنی گروپی قوتابخانەی باربیزۆندا، لەژێر کاریگەریی و ڕێنمایی هەردوو هونەرمەندی وەك (مانی)و (کۆرۆ)و هەروەها گەیشتنی چاپەمەنییە ڕەنگینە ژاپۆنییەکان بۆ ئەوروپا، شانبەشانی هاتنەئارای کامێرای فۆتۆگرافی، ئیمپرێشینیزم (سەرنجخوازەکان) یان ئینتیباعی سەریهەڵداو وەك خاڵی وەرچەرخانی هونەر، لەنێوان هونەری دێرین و ئایندەدا وەستایەوەو لەمێژوودا بەقۆناغێکی کاریگەری هونەری شێوەکاریی دەژمێردرێت.. ڕێبازی سەرنجخوازیی هێندە خۆی بەژیانی هاودەمەوە شەتەکدابوو تا ئەو رادەیەی هەموو هەوڵە کۆنەکانی ڕەتدەکردەوەو نیگارکێشانی هێنایە ناو سروشتی زیندووەوە، ڕووبەڕووی سروشت و دیمەنەکانی نیگاری دەکێشاو زیاتر مامەڵەیەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ دیاردە فیزیکییەکاندا دەکرد، هونەرمەندانی سەر بەم ڕەوتە باوەڕیان وابوو کە تیشکەکانی ناو ستۆدیۆ لەگەڵ ڕۆشناییەکانی دەرەوەدا جیاوازییەکی زۆریان هەیەو ناکرێت فیگەرەکان بەتیشکی ستۆدیۆ خۆیان لەدیمەنێکی سروشتیدا ببیننەوە، بەڵکو پێویستە پڕاوپڕ کارەکە لەئاووهەوای دەرەوەدا بەئەنجام بگەیەنرێت و چاو درك بەهەموو ڕواڵەتەکان بکات، لەبەکارهێنانی ڕەنگەکاندا یاساو ڕێسای تایبەتییان هەبوو، ئەوەش گرفتێکی ئەوتۆی بۆ دروستکردن کە نەتوانن وەك هونەرمەندەکانی پێشوویان لەپێشانگەدا کارەکانیان نمایش بکەن، لەساڵۆنی ڕەتکراوەکاندا بەرهەمەکانیان پیشاندەداو دوای چەند پێشانگەیەکی لەو چەشنە توانییان بوونی خۆیان بسەلمێنن و بەتەواوی سەقامگیربن[٤]، هونەرمەندەکانی وەك (مانێ، مۆنێ، پیسارۆ، ڕێنوار، دیگاس، سیسلی، بازیل، دۆبینی، بیرتا مۆریسۆ، ماری کاسات)، لەزۆرینەی نمایشەکاندا بەشدارییان دەکرد، لەپاشاندا بەهاتنی ئێمپرێشێنیزمە نوێیەکانی وەك (سیزان، پۆل گۆگان، ڤانکوخ، جۆرج سورا، پۆل سیناك، دیران، ڤلامینیك، تۆلوز لۆتریك)و چەندان نوێخوازی دیکە ڕێگە بۆ ڕەوتی نوێتر خۆش دەبوو کە بێتە مەیدانەوە.. شێوازی سەرنجخوازەکان لەبەکارهێنانی ڕەنگدا پشتی بەیاسای سێ ڕەنگی سەرەکی دەبەست (سوور، شین، زەرد) کە بەم ڕەنگانە یاسای دژە ڕەنگەکانیان دروستکردو بەڕەنگی گەشاوەو دەوڵەمەندو ڕۆشن تیۆری



خۆیان دامەزراند، کە بەیەکگرتنی دووان لەو ڕەنگانە ڕەنگەکەی بەرامبەر دەبووە دژو یەکتریان بەهێز دەکرد. لەو سێگۆشەیەدا بەم چەشنە بوو: سوورو شین دەبوو بەمۆرو بەرامبەر بەزەرد دادەنرا، سوورو زەرد کە دەبووە پرتەقاڵی لەلای شینەکەوە هێزو گوڕی پیشاندەدا، شین و زەرد، سەوزی بەرهەمدەهێناو لەگەڵ سوورەکەدا دەکەوتە ململانێوە، لەبۆتەی یەکگرتنی ئەو ڕەنگە ساردو گەرمانەدا گەشتر دەبوونەوە، لەو یاسایەشدا سوودێکی تەواویان لەفیزیای نوێ و بۆچوونە ماتەرییەکانی فەلسەفەی ماتەری وەرگرتبوو و پەیڕەویان دەکرد[٥].. ڕەنگە ڕەش و قاوەییەکانیان وەلادەناو بەڕەنگی ڕۆشن و گەشی سەربەخۆ لەخزینی فڵچەیەکی بەتوانادا تابلۆکانیان دەنەخشاند، کە بوونە جێی سەرسوڕمانی تامەزرۆیانی هونەرو تائێستاش هەر پەیڕەودەکرێن. هەستە تایبەتییەکانی هەریەك لە (سیزان و گۆگان و ڤانکوخ و سورا) ئەم ڕەوتەیان بەلایەکی تردا خستەوەو پەردەیان لەڕووی شێوازی نوێ و هاتنەکایەی ڕێبازی نوێخواز هەڵماڵی[٦]، سیزان بەرەو میتافیزیك و ئەودیو سروشت دەڕۆیشت، یاخود بەئەندازەکردنی شێوەکان و بڕوای وابوو فۆرمەکان لەئەندازە بەدەرنین، گۆگان بەرەو سیمبولی و سەرەتایی کە بەشێك لەمیتافیزیکیش لەخۆدەگرێت، ڤانکوخیش لەهونەرێکی تەعبیریی و دەربڕینخوازیدا، جۆرج سورا کە لەگەڵ پۆل سیناکدا کاری خاڵخاڵییان دەکرد، بەدانانی سەرە فڵچەی نوکتەگەل و خاڵخاڵی ڕەنگینی شیاو لەپانتایی و ڕووبەرەکاندا بۆ بەرجەستەکردنی فیگەرو دیمەن، لەوەشدا بەپێی ڕووبەری تابلۆکە قەبارەی خاڵکارییەکە گەورەو بچووکی بەخۆوە دەبینی، کە لەدواییدا هەریەك لەپیسارۆ و ڤانکوخ بەرەو ئەو ڕەوتە کشان و لەگەڵیاندا کاریان کرد[٧]. ئەم گروپەش لەتێڕوانینێکی ماتەرییەوە دەیانڕوانییە فۆرمەکان و جەختیان لەسەر ئەوە دەکرد کە شێوە لەو گەردیلانە پێکدێت.. پێشتر لەتیۆرو تێبینییەکانی (لیۆناردۆ داڤینشی)دا ئەوە ئاشکرا دەبێت، کە شێوەو فۆرم لەکۆمەڵە هێڵێك پێکدێن و لەزۆرینەی هێڵکاریی و سکێچەکانیدا ئەو ڕاستییەی دەسەلماند، (گۆیا)ی ڕۆمانسیی پاش چەند سەدەیەك ئەوەی پەسەند دەکرد کە شێوە لەڕووناکی و سێبەر دەخەملێت و بوونی هەیە، بێ ڕووناکی فۆرم بوونی نییەو ناهێنرێتە بینین، واتە هیچ شێوەیەك بەدەرناکەوێت ئەگەر ڕۆشنایی نەبێت، ڕووناکیش سێبەر دروستدەکات و لەو بۆتەیەدا هەموو شتەکانی چواردەورمان دەبینین، گۆیا لەکارە گرافیکییەکانیدا ئەو تیۆرەی بەرجەستە دەکردو بەدانانی سێبەرەکان شێوەکانی دەخەملاند، بەڵام (خاڵکاریی)یەکان لەگەڵ تیۆرە ماتەرییەکاندا یەکیاندەگرتەوەو ڕایاندەگەیاند شێوە لەیەکگرتنی ئەو گەردیلانە دەبێتە قەبارەو بارستایی و هەموو شێوەکان لەچەند خاڵێك پێکهاتوون.

لەم قۆناغەدا هونەرمەندێکی وەك ڤانکوخ زیاتر ئاسۆی فراوان بوو و ڕەنگەکانی دەوڵەمەندییان لەخۆگرت، بەڵام کێشەو گرفتە تایبەتییەکانی، بیرکردنەوەو لێکدانەوە

دەروونیەکانی مۆڵەتیان پێ نەدەبەخشی لەجۆرە کارکردنەدا بمێنێتەوە، چونکە لەشێوازی ئەم هونەرەدا پێویست بوو هونەرمەند زیاتر لەدانانی ئەو خاڵانەدا ئارام بێت و بەو شێوەیەش کاتێکی شیاوی دەخواست بۆ بەئەنجامگەیاندنی کارە هونەرییەکە، لەبەرئەوە ڤانکوخ بۆ زووتر تەواوکردنی کارەکەی دەگەڵ دەروونێکی هەڵچوودا نەدەپەرژایە کارکردنێکی هێمن و ئارام و ئیتر سەرە فڵچەکانی توندتر دەخزاندو بەو چەشنە کاری دەکر، ئەم بەش بەشیی فڵچە دانانە کە دەکرا وردترو بچووکتربن، بەرەو رەوتی (تجزیئی) دەکشاو بەرەقییەوە خزینەکانی بەئەنجام دەگەیاند، کە لەمەشدا تایبەتمەندیی خۆی وەرگرت و بووە سیمایەکی تەواوی سەرجەم کارەکانی، پێدەچێت هەر لەسەرەتاشەوە شێوازی ڤانکوخ بەم چەشنە بووبێت تا ئەو رادەیەی دەتوانین بڵێین کارەکانی ڤانکوخ تێکرا هێڵکارین، بەڵام بەرەنگ و چنینێکی تایبەتن، بەو جیهانەوە کە تەنها جیهانی خۆیەتی، پاشان هونەرمەندانی وەك ڤلامینیك و ماتیس و ئەندرێ دێرین و براك و دۆفی سوودیان لەو شێوازە وەرگرت و پەیرەویان کرد، کە دواتر ئەمانیش بەرەو فاوڤیزم رۆیشتن و رەنگیان لەپێناوی رەنگدا دادەنا، لەو نیگایەشەوە بەرەو کارەکانی گۆگان پەلیان هاویشتەوەو کردیانە پێشینەیەکی خۆیان، بیریشمان نەچێت کە پۆل گۆگان بۆ خۆشی لەم رەوتەدا کاریدەکرد، (دۆفی) لەبەردەوامیی و پەیوەستبوونی بەم شێوازەوە ناسراوترین هونەرمەندی ئەم گروپە بوو، لەم رەوتەدا بەکارهێنانی روونیی و ئاڵیی رەنگەکان یاساکانی تێکدەشکاندو بەتەرزێکی سەربەست و ئازاد دادەرێژران، بۆنموونە لەفیگەری ئەسپێکدا چەند رەنگێکی تر بەکاردەهاتن، تا ئەو رادەیەی لەرەنگی راستەقینە دووردەکەوتنەوەو لەپۆرترێت و رووخسارێکدا زۆرینەی رەنگە نەگونجاوەکان خۆیان دەبینییەوە، بەشبەشکردنی رووبەرو پانتایی نیگارەکان بەپەڵەی رەنگی بەربڵاو، ئاوێتەبوونێکی نوێ لەنزیکبوونەوەی رەنگە ناتەباکان بووە سیماو ئەدگاری سەرەکیی ئەم رەوتە، کە لەپاشان هونەرمەندانی بزووتنەوەی (پۆپ ئارت) سروشیان لێوەرگرتن و سەرلەنوێ بەکاریان هێنایەوە[٨].

ئەم پەلهاویشتن و نوژەنبوونەوەیە، لەراو بۆچوونی هونەرمەندەکاندا مەیل و ئارەزووەکانی بۆ وەرگرتنی شێوازێکی تایبەت و نەبوو دەتەقاندەوە، هەمیشە لەخولیای دۆزینەوەی ریتمێکی نوێ دەگەران تا ناسنامەو جێ پێیی خۆیانی پێ پتەو بکەن، مۆدێرنیزم چەندە پێ بەپێیی رۆژگارو بیری سەردەم بەرەو پێشەوە هەنگاوی دەنا، هێندەش مەرامێکی خودیی لەپشتیەوە دەبووە پاڵنەرو هێنانەکایەی[٩]، چونکە هونەرمەندی وابەستە بەدنیای نامۆی سەرمایەدارییەوە بێ پێناس و بزر هەوڵی رزگارکردنی خۆی دەدا، هەربۆیە لەدوی شێوازی نوێتر دەگەڕا تا ببێتە ئاوێنەیەکی روون و شیاوی گوزارشتەکانی، کۆبیزم لەئاکامی ئەم لێکدانەوەیەدا گەیشتە ئەوەی رێرەوێك بۆخۆی بونیادبنێت، لەرێی دیمەن و فیگەری شەش پاڵوییدا شتەکانی بەدەردەخست و





دەریدەبڕین، (پیکاسۆ)و (جۆرج براك) کە بەدامەزرێنەری ئەم رێچکەیە دەژمێردرێن، سوودیان لەکارەکانی سیزان وەرگرتبوو و ئەو شێوە ئەندازەییانەیان دەکردەوە بنەمای کارەکانیان، لەسەرێکی تریشەوە هونەرمەندێکی وەك (فێرناند لیچێ) لەکۆبیزمدا کاری دەکرد، وەلێ شەش پاڵوییی بەکار نەدەهێناو زیاتر بەشێوەی لوولەیی دەریدەبڕین. لەنێو ئەو بارە تێکچڕژاوەدا کە جەنگی یەکەمی جیهانیش لەدەرگای دەدا، (دادایزم) وەك دژە بیرکردنەوەیەکی سەردەم هەڵتۆقی و لەلێکدانەوەکانیدا بۆ ئەرك و بەهای هونەر، بەرەو تیۆرێکی نادروست پەلی دەهاویشت وەکو رەنگپێدەرەوەی ژیان ناماقوڵیی دەپێکا، بانگەشەی هیچیی شتەکانی رادەگەیاندو لەتێڕوانینە رێژەییەکانیاندا گەیشتە بێهودەیی دادایزم خۆیشی. جەنگ کاریگەرییەکی راستەوخۆی هەبوو لەسەر ئەم رەوتەو زۆرینەی بیرکردنەوەکان.

پاش دروستبوون و بووژانەوەی هونەر لەرێبازی (سوریالیزم)دا، ئیتر ئەبستراکت وەك لایەنێکی سەربەخۆ پێودانگی تایبەتی دادەڕشت و وەك بەرەنگاربوونەوەیەکی سوریالییەکان تێدەکۆشا، بەر لەهەڵگیرساندنی جەنگی دووەمی جیهانیی، برەوی دەبەخشییە هونەرەکەی و هەڵگری سیمبول و هێمای نادیارو شاراوەی بەرجەستە دەکرد، کارەکانی هەریەك لە (کوبکا)و (مارسیل دۆشامب) لەگەڵ (پۆل کلی)و (خوان میرۆ)و (کوکوشکا) نموونەی ئەو هونەرمەندانە بوون کە بەدەرخستنی لایەنە سێکسییەکان و تێکدانی گۆشەنیگاکان، کە بابەتی سەرەکی نیگارەکانیان بوو، نزیکبوونەوە لەدیمەن و رووخسارو بەرجەستەکردنی هەندێك نادیاریی شێواو، ئەمەش بەرەنگ و هێڵی سەمەرەو شێوەی ئەندازەیی دەردەخران و فیگەرو فۆرمە واقیعییەکان بوونیان لەدەستدەداو تەنها هێماو دەلالەتەکان دەبوونە زمانی خەملاندنیان.

ئەبستراکت لەپاش جەنگی دووەم کە سەرلەنوێ گەشەی کردەوە، هێندەیتر ئاکامەکانی بەرەو نێگەتیڤ و ناماقوڵیی درێژدەبوونەوە، زیاتر رژایەوە ناو خۆی و هێندە بەلایەوە مەبەست نەبوو بچێتەوە بۆتەی زانستی و ئەکادیمییەوە، بەڵکو بووە زمانێکی هەڵگەراوە لەرووی شێوەو بینینەکاندا، رەنگیش لەبری ئەوەی تابیر لەشتە هەستپێکراوەکان بکات سەربەستی وەردەگرت و دەبووە بەهایەك لەناو خۆیدا، دەبووە ئەندازەو زیاتر لەدیکۆرو هونەری نەخشەسازیی نزیك دەبووەوە، خۆ ئەگەر لەسەرەتاشدا هەوڵی بەرجەستەکردنی شتە ئەقڵانییەکانی دەدا بۆ دەرکپێکردنی نائەقڵانی، ئەوا لەدواتردا نائەقڵانی دەپێکا کە دەبووە سەرچاوەیەکی هۆشمەندیی و لێکدانەوەکانی ناوەوەی.

بەم چەشنە داماڵین گەیشتە رووتکردنەوەی هەموو بەهاو پێوەرە زانستییەکان، تەنانەت باکیشی نەبوو بەئیستاتیکا، بەڵکو هۆیەکانی نەدەهێنایەوە بۆ گەیشتن بەمەبەستیش، مەبەست و مەرام لەپێودانگی ئەم بزووتنەوەیەدا دەربڕینی هەست بوو، دیالۆگی رەنگەکان بوو، هەروەها کارە هونەرییەکە وەك نەبینراو و نەبوو

هەموو مەرامێکی سەرەکی بوو، تا جیهانێکی سەربەخۆ بێت دوور لەواقیع و راستەقینەو هێنانەکایەی سیمایەکی نوێ، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە لێرەدا ئەوەیە کە ئەم رەوتە بەشێوەیەکی وا خۆی رژاندە ئەودیوی نادیاریی شتەکانەوە، هەموو هونەرێکی لەخۆ سراندەوەو هێشتاکە لەچوارچێوەی شێوەکاریدا خۆی پاراستووە، لەکاتێکدا کە شێوەکان لەکیسچوون و هێڵەکان هیچ شتێکی هەستپێکراو دەرنابڕن، ئەگەر لەسەرەتادا شێوەیەکی داماڵیبێت لەشێوەو فۆرمە واقیعییەکان، بابەتەکەی هەڵوەشاندنەوەی رووی دیاری دەرەوەی شتەکان بگەیەنێتە تێڕوانینێکی نوێ، ئەوا لەقۆناغەکانی دواتردا ئەو شێوەیەشی بەلاوە مەبەست نییە تا رووتکاریی تێدا بکات، بەڵکو ئێستا گەیشتووەتە قۆناغێکەوە کە دەیەوێت وەهم بکێشێت و هیچ و نەبوو بێنێتە نێو دنیای بوونەوە، کە ئەمەش ئاکامێکی گەلێك دژوارە، لەسەرەنجامی دوایین قۆناغی سەرمایەداریدا کە بەهای شتەکانی تێدا نامێنێت و هەموو رواڵەتەکانی تێدا دەتوێنەوە، هونەریش ببێتە قوربانیی ئەو گەمە سامناکەو بەرەو ئەو شۆڕبوونەوەیە لێژببێتەوە، لەبەرئەمەشە زۆربەی لێکۆڵەرەوان و شارەزایان گەیشتوونەتە ئەو رایەی کە ئەبستراکت وەك دیاردەیەك ببیننەوە نەك بزووتنەوە، لەئاکامیشدا پاش ساڵانێکی زۆر ئەم رەوتە گۆڕا بەداماڵینێکی دەربڕینخوازیی و گوزارشتخوازیی (التعبيرية التجريدية)[١٠].

مۆرکی رەسەنایەتی و کەلتوورو شوێن و کات، زمان و هەست و تێڕوانین، وەستان و جێگیربوون و جووڵەو بزاوتن، خۆگونجاندن و بەرەنگاربوونەوە، وەرگرتن و پەرچەکردار، هەموو بکوژێنەوەو تاریکی سەرجەم رووبەرو پانتاییەکان رابماڵێت، کە تێیدا هزری هونەرمەندیش ئیدی نەتوانێت بەرهەڵستی بکات، بەڵکو تینوێتی خۆیشی بشکێنێت، بەسەدان و هەزاران تابلۆی چەشنی ئەم رەوتە هونەرمەندێك لەلێواری داهێنان و بگرە خۆڕازیکردنیش نزیك ناکاتەوە، شایانی وتنە، ئێستا وا بۆ ماوەیەکی زۆر دەچێت ئەم رەوتە لای ئێمەی کوردیش پەیڕەو دەکرێت و بەناوی ئەزموونی جیهانییەوە دەبێتە میوانی هونەرمەندانمان، کە ئەمەش لەتێڕوانینمدا ئەزموونێکی سەختەو دەچێتە چوارچێوەی ئەو نازناوەوە کە پێی بوترێت کەوتنی هونەر!

پەراوێزەکان:

(١) وەك بەکارهێنانی گۆشەنیگا لەتێڕوانینی چاو لەپێشەوە، لووت و دەم و دەست و قاچ لەتەنیشتەوە، پاشان تێکەڵاوکردنیان پێکەوە لەچەند فیگەرێکدا، تابلۆی ژێرنیکا نموونەیەکی ئەم شێوازەیە.

(٢) بۆنموونە تەوتەم لای خێڵ و هۆزە پێشینەکانی ئوسترالیا، بەمانای حەرامکردن و



پیرۆزکردنی پەیکەری ئەو مرۆڤ و ئاژەڵ و رووەکانە دێت کە ناکرێت دەستیان لێ بدرێت و وەك سزایەك دەبێتە دانانی سیستمێکی پیرۆز، کە زیاتر کوشتنی باوك بەرجەستە دەکات بەدەستی کورەکانی و پەشیمان بوونەوەیان لەو کارەیاندا.

(٣) مەبەست لەو باڵندانەیە کە چوار پێیان هەیەو دەستیان لەدەستی شێرو پڵینگ دەچێت و قاچیشیان لەئاژەڵێکی تر.

(٤) شاعیران و نووسەرانی ئەو سەردەمە بەگەرمی داکۆکییان لەو هونەرە دەکردو رۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لەرێنمایی و پشتگیریکردنی هونەرمەندان، وەك بۆدلێرو مالارمێ و ئەمیل زۆلا.

(٥) یاسای یەکێتیی دژەکان لەماتریالیزمی دیالێکتیکدا.

(٦) کە باس لەهونەری نوێ و هاوچەرخ دەکرێت، رۆڵی ئەم هونەرمەندانە دەبێتە پێشینە، کە بوونە خاڵی وەرچەرخانی هونەر بەرەو سەردەمێکی نوێ.

(٧) هەمیشە تیۆی برای ڤانکوخ رۆڵی هەبوو لەئاراستەکردنی ڤانکوخ رووەو هونەرەکەی پیسارۆ، چونکە لەنزیکەوە دەیناسی، ئەمە لەتابلۆکانی وەك گوڵە سەوسەن و دار زەیتونەکاندا بەئاشکرا دیارە، پیسارۆ کە شێوازی خاڵخاڵی پەیڕەو دەکات، کاریگەریی دەبێت لەسەر ڤانکوخ تا بڕژێتە ئەو شێوازەشەوە.

(٨) پۆپ ئارت بەمانای هونەری میللی دێت، لەساڵانی پەنجاکانەوە لەئەمریکا سەریهەڵدا دواتریش لەبەریتانیا.

(٩) لەهونەری شێوەکاردا هەمیشە پاڵنەرو هۆکارە خودییەکان زیاتر دەبێتە دروستکردنی بزووتنەوەیەك وەك لەهۆکارە بابەتییەکان، چەند ساڵێکە لەسوید رێڕەوی (نایڤیزم) سەریهەڵداوە کە دامەزرێنەرەکەیان پێشتر لەنەخۆشخانەی دەروونیدا بوو، پزیشکەکان بۆ چارەسەرکردنی بەوێنەکێشانەوە خەریکیان دەکرد، ئێستا چاکبووەتەوەو بەزۆر سواری ملی نیگارکێشان بووەو کەسانێك بوونەتە قوتابی ئەو، وێنەکانی لەشەقلی و پەقلی و شەڕە پشیلەی منداڵان نزیکدەبێتەوە.

(١٠) وەك ئەوەی کە دەرکی بەوە کردبێت داماڵین لەدوا قۆناغدا دەیگەیەنێتە داماڵینی هونەر.

**ئەو سەرچاوانەی سوودیان لێ وەرگیراوە:**

(١) الاتجاه التجريدى فى الفن التشكيلى، نووسینی: دورا ڤالی، گۆڤاری الثقافة الاجنبية، ژمارە(٢) ١٩٨٧.
(٢) تاَريخ الفن تاَريخ للرؤية، ارماندو سيلفا، هەمان سەرچاوە.
(٣) الانطباعية، جان ليماري، دار الماَمون بغداد ١٩٨٦.
(٤) معنى الفن، هربرت ريد، ترجمة، سامي خشبة بغداد ١٩٨٦.
(٥) فلسفة الجمال، د. اَميرة حلمي، بغداد ١٩٨٧.

# ئێکسپرسیونیزم[٧]

## Expressionism

لەفارسییەوە: دڵشاد خۆشناو

Expressionism لەزماندا بەمانای دەربڕینە، ئێکسپرسێونیزم قوتابخانەیەکە لەشێوەکاریدا کە لەلایەن گروپێك لەشێوەکارانی ئەڵمانی وەکو کوکوشکا، کاندینسکی و کلی لەدەوروبەری ساڵی ١٩٥٠ دروستکرا. ئەم شێوەکارانە وازیان لەلاساییکردنەوەی واقعیەتی دەرەوە هێناو لەجیاتی ئەوە خەریکی دەربڕینی تێڕوانینی خۆیان بوون بۆ جیهان.

لەئەدەبیاتدا، ئێکسپرسیۆنیزم بەشێوازێك دەگوترێت کە پتر بەشێوەیەکی سۆزدارییەوە دەڕواننە جیهان، بەواتایەکی تر، هەوڵی هونەرمەند لەنمایش و دەربڕینی حەقیقەتێکە کە بەگوێرەی هەست و سۆزی خودی خۆی درکی کردوە.

ئەم تێڕوانینە لەنێوان ساڵانی ١٩١٠بۆ ١٩٢٥ لەدژی تێڕوانینی واقعێکە رایان بۆ ژیان و جیهان (ریالیزم) تارادەیەك لەئەدەبیات و هونەرە بەرجەستییەکاندا هاتە گۆڕێ، هەر جۆرە لادان و گۆڕانکاری بەئەنقەست لەشێوەی واقعیەت لەئەدەبیاتی نوێدا دەتوانرێت نموونەیەکی بەرچاوی شێوازی ئیکسپرسیۆنیستی بێت. بەم پێیە بونیادی بەش بەشی شیعری (وڵاتی سترۆن)ی تی. ئێس ئلیوت، شاعیری هاوچەرخی ئینگلیزی، رەتکردنەوەی سیمبۆلی کەسایەتییەکان لەڕۆمانی فینیقیای جێمز جۆیز، کەولاکەولی کەسایەتی سەرەکی رۆمانی ناشیرینکردنی فرانز کافکا و ئەو روونکردنەوانەی کە پاڵەوانە نەخۆشەکەی(کوندەپەپوی کوێر)ی سادق هیدایەتو روانگەکانی دەوربەری بەدەستەوە دەدات، هەموویان بەیەکێك لەشێوازەکانی ئێکسپرسیۆنیستی دەژمێردرێن.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێت تایبەتمەندییەکانی ئێکسپرسیۆنیزم بەم شێوەیە کورت بکرێنەوە:





دژایەتی بنەڕەتی لەگەڵ ریالزمدا، لەبابەتو لەشێوازدا. بۆ ئەم مەبەستەش هونەرمەندانی ئێکسپرسیۆنیست بەخستنەرووی وێنەی شێواوی واقعیەتو ریالیزم کە بەگشتی وەکو خەوێکی تێکەڵ و زۆر هەستیار دەردەکەوێت، خۆیان خەریك دەکەن. بەرهەمی وەها بەزۆری وا لێکدەدرێتەوە وەك ئەوەی وەسف دەکرێت یان دەنەخشێندرێت ئەزموونی تاکی و مرۆڤێکە کە تەنها و واقورماو لەکۆمەڵگای پیشەسازی، تەکنەلۆژی، شاریو لێکترازاو دەژییێت. ئێکسپرسێونیستە توندڕەوەکان خەریکی نەخشاندنی جیهانی یۆتوپیای ئەدەبی بوون.

لەشێوەکاریدا بۆ نەخشاندنی کەلوپەلو شێوە خواروخێچەکان، هێڵی دداندارو رەنگی دڵخوازی خۆیان بەکاردەهێنرێت کە پتر رەنگی تۆخن لەجیاتی رەنگی سروشتی.

لەشیعردا، شاعیرە ئێکسپرسیۆنیستەکان، لەجیاتی، کێشو رێزمان و پێکهاتەی ئاسایی شیعر، وێنەی هێمادارو سیمبۆل دەکەنە تەوەری شیعرەکانیان( بۆدلێر ـ رامبۆ).

لەپەخشانو چیرۆکنوسیدا، نووسەران خۆیان پاراستووە لەدورستکردنی کەسایەتی ئاساییو خەریکی خولقاندنی کەسایەتی و بیچمی سیمبۆلی بوون لەجیاتی پڕ لەڕووداوە کابووسییەکانی(کافکا،صادق هیدایەت، دیستۆفیسکی، نیتچە).

لەشانۆدا، نووسەران لەجیاتی کەسایەتییە دیاریکراوەکان، بۆ نمایشی مرۆڤەبێناوە جیاجیاکانو هێڵکاری، بەخستنەڕووی حاڵەتە توندە کەم و زیادبوەکاندا، بەشێوەیەکی پارچەپارچەو لەجیاتی وتوێژ، رستەو دەستەواژەی لەڕواڵەتدا بێمانا کە پەیوەندییان بەیەکەوە نییە، بەکاردەهێندرێن. پێداویستییەکانی شانۆی نائاسایی بەشێك بوون لەو شتانەی کە سوودیان لێوەردەگرتن. گیۆرك کایزەر: گاز، لەسپێدەوە تا ئێوارە، ئێرنست تولر: مرۆڤی کۆمەڵو بەرهەمە سەرەتاییەکانی برێشت). لەبەرهەمە ئێکسپرسیۆنیستییەکاندا، واقعییەت هەر بەو شێوە شێوێنراوەی کە نووسەران و شاعیران پێیانوایە، دەخرێتەڕوو. دەنگدانەوەی شێواندنی واقیعییەتەکان لەزەینی نووسەردا، شاعیرو شێوەکاری ئێکسپرسیۆنیستدا دیارکەری دیدو بۆچوونی ئەوە لەبارەی جیهانەوە. لەمڕووەوە، بۆ نموونە، کەولاکەولی کەسایەتی سەرەکی رۆمانی گۆڕان بۆ دووپشك نیشاندەری بینینی بێهیوایانەو بەدبینانەکەیە کەنووسەر بۆ پێگەی مرۆڤی هاوچەرخ هەیەتی.

ئێکسپرسیۆنیزم لەمەسەلە ئەدەبیەکاندا زۆرترین کاریگەری بەسەر شانۆوە هەبووە. تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە شانۆنامانە بەگشتی بەم شێوەیەیە: وتوێژی ئەدەبیانە، ئەو ماسکەی کە کەسایەتییەکان دەموچاویان پێ دادەپۆشن، کەلوپەلە نارێکەکانی شانۆ، بەکارهێنانی کەرەستەی نوێ وەکو (شانۆ گێڕ)کە ئامێرێکە بەهۆیەوە تەختەی شانۆ دەسوڕێندرێتەوە، یاریکردن بەڕووناکیو دەنگ، لەبەرچاونەگرتنی بەدواییەکداهاتنی کات.

سەرچاوە: فرهنگ اصطلاحات ادبي- سيما داد

**دەتوانیت گۆڤاری هەنار لەم ماڵپەڕانەدا بخوێنیتەوە:**

www.dengekan.com
www.chrakan.com
www.chra.tv



**نرخی ١٠٠٠ دینارە**